گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٢، ژ.١، ٢٠٢٣
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v12n1a1522

# گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن (کتێبخانەی تەبایی یاسایی بە نموونە)

## (توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە)

م.ی. بەشدار عبداللە محمد ، پشکا فاکەڵتی یاسا، زانکۆی سۆران، هەرێما کوردستانا عیراقێ

پ.ی.د. تحسین حمد سمایل، پشکا فاکەڵتی یاسا، زانکۆی سۆران، هەرێما کوردستانا عیراقێ

**پوختە**

جێگای گومان نی یە کە کتێب سەرچاوەیەکی گرنکی زانیاریەکانە، وتوێژەرەکان پەنای بۆ دەبن بۆ نووسینی توێژینەوەکانیان، ولەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز ئەم توێژەرانە کتێبەکان وەردەگرن لەکتێبخانەکان بەبێ کڕینیان بۆ ماوەیەکی کاتی و دیاریکراو بەمەبەستی سوود لێ بینین لەڕێگەی ئەنجامدانی گرێبەستێی زارەکی، کەخاوەن کتێبخانەکان پابەند دەکات بە پێدانی کتێبەکە بەتوێژەر بە بەرامبەرێکی هیچ، یاخود بێ بەرامبەر، وشایەنی باسە ئەم گرێبەستە لەگرێبەستە بێ ناوەکانە لەبە ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێکخستنی تایبەت بۆ ڕێسا وبڕگەکانی نەکراوە، بۆیە پاش لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەم گرێبەستە بۆمان دەرکەوت کە گرێبەستی خواستن نی یە بە شێوەیەکی وورد، وەهەروەها گرێبەستی بەکرێدانیش نی یە، کەلەهەندێك حاڵەتدا لێك نزيك بوونەوەيان هەیە لەڕووی خەسڵەتەکانیان، بەڵام لەهەمان کاتدا لەهەندێك خاسڵەتدا جیاوازن؛ بۆیە پاش ئەنجامدانی کرداری گونجاندنی یاسایی بۆ گرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەر بەبێ فرۆشتنی بۆمان دەرکەوت کەخاسڵەتەکانی گرێبەستی چاکەکردن بەبەخشینی (عقد التَفَضُل) لەسەر جێبەجی دەبێت، کەیەکێکە لەگرێبەستەکانی بەخشینی خزمەتە، وەدەبێتە گرێبەستێکی دروستی جیبەجێکراو (عقد صحیح نافذ) ئەگەر خاوەن کتێبخانەکە خۆی خاوەنی کتێبەکەبوو؛ وە ئەگەر خۆی خاوەنی کتێبەکە نەبوو هەڵسوکەوتی یاسایی پێکرد ئەوا دەبێتە گرێبەستێکی دروستی وەستاو (عقد صحیح موقوف)، وە ڕێساکانی گرێبەستی خۆتێهەڵقورتێنی (احکام عقد الفضولي) لەسەر جێبەجێ دەبێت.

**کلیلێن ووشە:** گرێبەستی پێدانی کتاب بێ فرۆشتنی، گرێبەستی چاکەکردن، گونجاندنی یاسایی، سروشتی یاسایی، خاوەن کتێبخانە، توێژەر.

### 1. پێشەکی

بێ گومان خزمەتی گوزاری پێدانی کتێب لە لایەن کتێبفرۆشەکان وەسەنتەرە ئەکادیمی و زانستیەکان بە توێژەر و خوێنەرەکان بۆتە کارێکی باو و دیار لە نێوان خوێنەران و توێژەران بە هۆکار و پاڵنەری جیاواز، وە هەروەها لە بابەت و تایبەتمەندییە جیاوازەکاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین کرداری پێدانی کتێب بە توێژەر کردارێکە یاخود خزمەتگوزارییەکە کەوا لە لایەن بەشێک لە کتێبخانەکان بەکاردێت، یاخود پێشکەش دەکرێت کە خۆی دەبینێتەوە لە پێدانی کتێبێکی دیاریکراو بە خوێنەر یاخود بە توێژەر بە مەبەستی سود وەرگرتن لە کتێبەکە بۆ ماوەیەکی کاتی دیاریکراو بە بەرامبەرێکی کەم یان بەبێ بەرامبەر.

ئەم کردارە یاخود ئەم خزمەتگوزاریە لە بەشێک لە کتێبخانەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو پێشکەش دەکرێت بە جۆرێک کە کارمەندێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە سەرپەرشتی کارەکە دەکات، وە هەروەها بۆ ئەم مەبەستە تۆمارێکی تایبەت دانراوە کەوا پێدانی کتێبەکەی تێدا تۆمار دەکرێت، وە تیایدا ڕێکەوتی پێدانی کتێبەکە و گێڕانەوەی کتێبەکە دیاردەکرێت. هەندێک جار پێدانی کتێبەکە هەر لە چوارچێوەی کتێبخانەکە دەبێت واتە ناکرێت بۆ دەرەوە ببردرێت، وە هەندێک جاریش دەرەکی دەبێت بە شێوەیەک توێژەر دەتوانێ لە دەرەوەی کتێبخانەکە سود لە کتێبەکە وەربگرێت، وە بۆ هەریەک لە باروودۆخەکە نرخێکی جیاواز دیاردەکرێت.

#### 1.1 کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوە

لەبەر ئەوەی کردارەکە ماف و پابەندی دوولایەنەی لێدەکەوێتەوە وە هەروەها لە چوارچێوەی هەڵس و کەوتێکی یاسایی لە شێوەی گرێبەست ئەنجامدەدرێت، کێشەی توێژینەوەکەمان بریتی دەبێت لە دیارکردنی گونجاندنی یاسای گرێبەستەکە وە هەروەها ڕوونکردنەوەی حوکمە یاساییەکەی، ئەمەش لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە:

- ئایا گرێبەستەکە لە گرێبەستە ڕێکخراوەکانە، یاخود گرێبەستێکی بێ ناوە لە یاسای شارستانی عێراقی و یاسا بەراوردکارییەکاندا؟
- ئەو ماف و پابەندییانە چین کەوا بۆ لایەنەکانی گرێبەست دروست دەبن؟
- لەبەر ئەوەی خاوەنی کتێبخانەکە هەڵس و کەوت بە کتێبێک دەکات کە خۆی خاوەنی ڕاستەقینەی نیە، کتێبەکە لە کتێبخانەکە داندراوە بۆ مەبەستی فرۆشتن نەک ئەنجامدانی هەڵس و کەوتێکی تر، بۆیە ئەم

پرسیارەش دروست دەبێت: ئایا حوكمی گرێبەستەكە چیه؟ گرێبەستێكی دروستە یان پوچەڵە، ئەگەر دروستە ئایا دروستی جێبەجێكراوە یاخود دروستی وەستاوە؟

### 2.1 میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیە پشت دەبەستین بە هەردوو میتۆدی شیكاری و بەراوردكاری، لە ڕێگەی میتۆدی شیكاری دەقە یاساییەكان و بیروبۆچوونە فیقهیەكان، وە هەروەها بڕیارە دادگاییەكانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوە شیكار دەكەین، لە ڕێگەی میتۆدی بەراوردكاری، یاسای شارستانی عێراقی بەراورد دەكەین لەگەڵ هەر یەك لە یاسای قەرزی توركی و یاسای شارستانی یەمەنی و قەتەری وە هەروەها هەڵوێستە لێكچوو و جیاوازەكان دەستنیشان دەكەین.

### 3.1 پلانی توێژینەوە

پلانی توێژینەوە پێك دێت لە پێشەكییەك و دوو باس، بە جۆرێك باسی یەكەم ناساندنی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن و گونجاندنی یاسایی لە خۆ دەگرێت، لە تەوەرەی یەكەمی باسەكە، ناساندنێك بۆ گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن دەكەین، وە هەروەها تایبەتمەندییەكانی گرێبەستەكە ئەخەینەڕوو، لە تەوەرەی دووەم تیشك ئەخەینە سەر گونجاندی یاسایی گرێبەستەكە. لە باسی دووەمی توێژینەوەكە كە خۆی لە دوو تەوەرەدا دەبینێتەوە قسە لەسەر بابەتی ئەحكامەكانی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن دەكەین، بە جۆرێك لە تەوەرەی یەكەم ماف و پابەندییەكانی هەردوو لایەنی گرێبەست كە بریتین لە خاوەنی كتێبخانەكە و توێژەر ڕووندەكەینەوە، وە لە تەوەرەی دووەمی باسەكە حوكمی یاسای گرێبەستەكە دەخەینەڕوو، وە توێژینەوەكە كۆتایدێت بە خستنەڕووی كۆمەڵێك دەرئەنجام كەوا لە ئەنجامی توێژینەوەكە پێیان گەیشتووین.

### 2. باسی یەكەم: ناساندن و گونجاندنی یاسایی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن

ئەم باسەمان دابەش كردووە بۆ سەر دوو تەوەرە لە تەوەرەی یەكەم هەڵدەستین بە ناساندنی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر لە ڕێگەی خستنەڕووی چەند پێناسەیەك و دەرخستنی ڕەگەزەكانی پیشاندانی تایبەتمەندیەكانی ئەم گرێبەستە، وە هەروەها تەوەرەی دووەم هەڵسەنگاندنی یاسایی ئەم گرێبەستە لە خۆدەگرێت.

### 1.2 تەوەرەی یەكەم: ناساندنی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن و تایبەتمەندییەكانی

لەم تەوەرەیەدا وە لە میانەی دوو لقدا بابەتی ناساندنی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن و تایبەتمەندییەكانی دەخەینەڕوو بە شێوەیەك كە لە لقی یەكەم تیشك ئەخەینە سەر بابەتی ناساندنی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، وە لە لقی دووەم بە وردی تایبەتمەندییەكانی ئەم گرێبەستە پیشان دەدەین.

### 1.1.2 لقی یەكەم: پێناسەی گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن

بەر لەوەی پێناسەی گرێبەستەكە بكەین بە پێویستی دەزانین ئەو پاڵنەرانە دەست نیشان بكەین كەوا دەبنە هۆی ئەنجامدانی ئەم هەڵسوكەوتە ئەمەش دوای لێكۆڵینەوە و ووردبوونەوە لە بابەتەكە وە گفتوگۆكردن لەگەڵ بەشێك لە كتێبفرۆشەكان كە ئەم كارە دەكەن بەتایبەتی لەگەڵ كتێبخانەی تەبایی یاسایی لەشاری هەولێر، كە بریتین لە:

- كتێب فرۆشەكان پێشكەش كردنی ئەم خزمەتگوزارییە وەكو ئامرازێك بەكاردینن بۆ ڕاكێشانی سەرنجی توێژەران بە مەبەستی كڕینی كتێبەكە، كە لایان وایە دوای ئەوەی كتێبەكەیان بە توێژەردا بۆ ماوەیەكی دیاریكراو و سود وەرگرتن لە كتێبەكە لە لایەن توێژەر وای لێدەكات كە دەستبەرداری كتێبەكە نەبێت و بیكڕێت، یانیش بەكارهێنانی ئەم كردارە وەكو ئامرازێك بۆ زیادكردنی كڕیار لە كتێبخانەكەیان.
- زۆرجار لاوازی لایەنی دارایی توێژەر یان خوێنەر بە هەمان شێوە هۆكارێكە بۆ ئەنجامدانی ئەم كردارە، بە شێوەیەك كەوا توێژەر سەرەڕای ئەوەی كەوا پێویستی بە سود وەرگرتن هەیە لە كتێبەكە كەچی توانای دارایی ڕێگەی پێنادات بیكڕێت، بۆیە ناچاردەبێت كتێبەكە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو لە كتێبخانەكە وەربگرێت و سودی لێ ببینێت.
- جگە لەم پاڵنەرانەی سەرەوە زۆرجار دەكرێت پاڵنەری دەروونیش هەبێت بۆ دروست بوونی ئەم كردارە، وەكو ئەوەی هەندێك جار قەبارەی كتێبەكان گەورەن یاخود لە چەند بەرگێك پێك دیت وە توێژەر سەرەتا پێویستیەتی كتێبەكە هەڵبسەنگێنێ وە بۆ ماوەیەك لەلای بێت و بەوردی سەیری ناوەرۆكەكەی بكات دواتر بڕیار لەسەر كڕینی

بدات، یاخود پێویستی تەنها بە بەرگێک بێت کە بۆ ماوەیەک لەلای بێت و سودی لێ ببینێت.

هەر لەم چوارچێوەدا چۆنیەتی ئەنجامدانی کرداری پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن و پێشکەش کردنی ئەم خزمەت گوزاریە لە لایەن کتێبخانەی تەبایی یاسایی ئەخەینەڕوو کە نمونەی وەرگیراوە لە توێژینەوەکەماندا:

لە کردارێکی مەیدانیدا، تێبینیمان کرد کەوا، قوتابیانی زانکۆ حکومی و تایبەتیەکان ڕوودەکەنە ئەم کتێبخانەیە، بە مەبەستی وەرگرتنی کتێب بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دەرچوون بە بێ ئەوەی بیکڕن، بەڵکو وەریاندەگرت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەکو شەوێک یان چەند ڕۆژێک لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی کەم کە خۆی لە (٥٠٠ – ١٠٠٠) دیناری عێراقی دەبینیتەوە بە تێپەربوونی هەر شەوێک، هەندێک جار بێ بەرامبەر دەبوو.

لەئەنجامدا و دوای ناساندنی کرداری پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن و خستنەڕووی ئەو پاڵنەرانەی کەوا دەبنە هۆکار بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵسوکەوتە، وە هەروەها ئاماژەدان بە نمونەیەکی زیندوو لەسەر ئەم بابەتە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم کردارە وەکو هەڵسوکەوتێکی یاسایی دوولایەنە لە چوارچێوەی گرێبەست ئەنجام دەدرێت، بۆیە پێویست دەکات بە وردی تیشک بخرێتە سەر ئەم هەڵسوکەوتە یاساییە و پێناسەی گرێبەستەکە بکرێت.

کەواتە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن بریتییە لە (گرێبەستێک کە لە نێوان توێژەرێک و کتێب فرۆشێک ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی ڕەخساندنی باڕوودۆخێک کە بەهۆیەوە توێژەر بتوانێ سود لە کتێبێکی دیاریکراو وەربگرێت لە بەرمبەردا پابەند دەبێت بە پاراستن و گێڕانەوەی لە کاتی خۆی وپێدانی بڕە پارەیەکی دیاریکراو یان بێ بەرامبەر).

لە ئەنجامی خستنەڕووی ئەو پێناسانەی سەرەوە کەوا بۆ گرێبەستەکە کراون بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەم گرێبەستە لە چەند ڕەگەزێکی بنەڕەتی پێکدێت کە بریتین لە:

**أ. پێدانی کتێب:** یەکێک لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی ئەم گرێبەستە بریتیە لە پێدانی کتێب لە لایەن کتێبخانەیەکەوە بە توێژەر کە پیشەکەی لە بنەڕتدا فرۆشتنی کتێبە، ئەگەر ئەم ڕەگەزە نەهاتەدی بێ گومان گرێبەستەکە بوونی نابێت، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە بەگشتی سەبارەت بە توێژەر بە تایبەتی بریتیە لە کتێبەکە، وە هەروەها هەر لە بنەڕتدا ئەمە لەسەر سود وەرگرتن لە کتێبەکە دەکەوێتەوە، واتە هەڵسوکەوتە یاساییەکە بریتیە لە هەڵسوکەوت کردن بە کتێبێکی دیاریکراو کە خاوەنی کتێبخانەکە خاوەنی ڕاستەقینەی کتێبەکە نیە.

**ب. نەبوونی مەبەست و نیازی فرۆشتنی کتێبەکە:** هەر وەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە کەوا لە بنەڕتتدا کتێبەکە بۆ فرۆشتن داندراوە، بەڵام گرێبەستەکە لەسەر سود وەرگرتن لە کتێبەکە دەکەوێتەوە، وە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەک بە خاوەندارێتی کردنی کتێبەکە، چونکە زۆر جار گرێبەستەکە بێ هیچ بەرامبەرێکی ماددی دەبێت، تەنانەت ئەگەر هاتوو بەرامبەریشی هەبوو ئەوا بڕەکە بڕێکی هیچە و نرخی ڕاستەقینەی کتێبەکە نیە، هەتا ئەگەر هاتوو بڕەکە زۆریش بوو ویست و نیازی فرۆشتنی تێدانیە.

**ج. بوونی نرخێکی هیچ و کەم لە گرێبەستەکەدا:** ئەو نرخەی کەوا لە واقعدا دەبیندرێت کە خاوەنی کتێبەکە یان کتێب فرۆشەکان لە توێژەر وەریدەگرن بڕێکی هیچە یان کەمە وە هەندێک جار بێ بەرامبەر دەبێت، بوونی ئەم بەرامبەرە لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن شیکارێکی یاسایی جیاواز بۆ گرێبەستەکە دروست دەکات لە یەکێک لە گرێبەستە هاوشێوەکانی جیایدەکاتەوە، کە لەداهاتوو بە وردی باسی دەکەین.

**د. دیاریکردنی کات:** بێ گومان دوای ئەنجامدانی گرێبەستەکە هەردوو لایەنەکە ڕێک دەکەون لەسەر کاتێکی دیاریکراو بۆ گێڕانەوەی کتێبەکە، بەشێوەیەک گێڕانەوەی کتێبەکە لە کات و ساتی دیاریکراو دەبێت لە هەمان کاتدا پابەندییەکە بۆ توێژەر، هەروەها کۆتایی هاتنی ماوە دیاریکراوەکە لە هەمان کات دەبێتە کۆتایی هاتنی گرێبەستەکەش تەنها ئەگەر ڕێکەوتنی پێچەوانە هەبوو لەسەر بابەتەکە.

دوای ناساندنی بابەتەکە و خستنەڕووی پێناسەیەکی گونجاو بۆ گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، وە هەروەها دەرخستنی ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی گرێبەستەکە بە ووردی، ئەوەمان بۆ ڕوون بویەوە کەوا ئەم گرێبەستە لە ڕووی ناساندنەوە چەند لێکچوون و جیاوازیەکی هەیە لەگەڵ چەند گرێبەستێکی تر، بە تایبەت لەگەڵ گرێبەستی خواستن و گرێبەستی بەکرێدانی شتە گوێزراوەکان و گرێبەستی چاکەکردن، کەلەداهاتوو دەیخەینەڕوو.

**2.1.2 لقی دووەم: تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن**

گومانی تێدانیە ئەم گرێبەستە سەرەڕای ئەوەی کە گرێبەستێکی نوێیە، بەڵام هاوشێوەی هەر گرێبەستێکی تر خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کە لەم خاڵانەی خوارەوە کۆیان دەکەینەوە:

**أ. گرێبەستێکی ڕەزامەندییە:** گرێبەستێکە بۆ ئەنجامدانی پێویستی بە شکڵێکی دیاریکراو نیە بەڵکو بەیەکگەیشتی هەردوو ویستی خاوەن کتێبەکە و توێژەر وە پێدانی کتێبەکە بەسسە بۆ بەستانی گرێبەستەکە، جا دەربڕینی ووشەکان ڕاشکاوانە بیت یان نا ڕاشکاو بێت کاریگەری نابێت.

جێی ئاماژە پێدانە وەکو نەریتێکی ئەم پیشەیە لە لایەن کتێب فرۆشەکان تۆمارێک هەیە لە کاتی ئەنجامدانی ئەم گرێبەستە ناوی کتێبەکە و ناوی لایەنەکان و ماوەی دیاریکراو بۆ گێڕانەوە و نرخەکەی تێدا تۆمار دەکرێت، تەنانەت لە هەندێک شوێن وا پێویست دەکات کە توێژەر واژووی خۆشی بخاتە سەر تۆمارەکە، بەڵام لە کتێبخانەی تەباێی ئەم تۆمارەشمان نەبینی کە بەکاربێت.

بۆیە لێرەدا پرسیارێک ئەوروووژێت ئایا بوونی ئەم تۆمارە لە لایەن کتێب فرۆشەکە تایبەتمەندی فەرمی ئەبەخشێتە گرێبەستەکە یاخود نا ؟

بێ گومان لەبەر ئەوەی گرێبەستی فەرمی ئەو گرێبەستەیە کەوا تەنها بە بەیەکگەیشتنی ویستەکان تەواو نابێت بەڵکو یاسا شکڵێکی دیاریکراوی بۆ داناوە (الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ٥٤) بۆیە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گرێبەستێکی فەرمی نیە، چونکە یاسا هیچ شێوەیەکی دیاریکراوی بۆ دانەناوە (پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان تۆمار و شێوەی بە ڕێککەوتن و تۆمار و شێوەی بە یاسا، یەکەمیان سەرچاوەکەی ویستی لایەنەکانە بەڵام دووەمیان سەرچاوەکەی ویستی یاسادانەرە، یەکەمیان مەرجی بەستانی گرێبەست نیە بەڵکو تەنها بۆ سەلماندن بەکاردێت تەنها ئەگەر هاتوو لایەنەکان بە ڕاشکاوانە ڕێککەوتنیان لەسەر ئەمە کردبێت وە لە هەموو حالەتێک دەتوانن لێی پەشیمان ببنەوە بە ڕێککەوتنێکی تر کەچی دووەمیان دەبێتە کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی گرێبەست. بڕوانە: غني، 2011، لاپەرە 7-37) بەڵکو گرێبەستێکی ڕەزامەندییە وە ئەو شێوەو تۆمارەی کە هەیە تەنها بۆ سەلماندنە، چونکە لە بنەڕەتتدا هەموو گرێبەستێک ڕەزامەندییە کە ئەمەش بنەمایەکی گشتیە بۆ ئەنجامدانی. (الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە 23)

**ب. گرێبەستێکە پابەندییە بۆ هەردوولا:** هەر لەگەڵ بەیەکگەیشتنی ویستی هەردوو لایەنی گرێبەستەکە کە بریتین لە کتێب فرۆشێک و توێژەرێک وە هەروەها پێدانی کتێبەکە، پابەندی بۆ هەردوولا دروست دەبێت، پابەندی لایەنی یەکەم کە کتێب فرۆشەکەیە بریتیە لە پێدانی کتێبی دیاریکراو بە توێژەر یانیش بە هەرجۆرێک بێت پابەندە بەوەی کەوا بوار بڕەخسێنێت تا توێژەر بتوانێ سودی مەبەست لە کتێبەکە بە دەست بێنێت، پابەندی لایەنی دووەمی گرێبەستەکە کە توێژەرە بریتیە لە پارێزگاریکردن لە کتێبەکە و گێڕانەوەی لە کاتی خۆی وە هەروەها پێدانی ئەو بڕە پارە هیچە کەوا ڕێککەوتنی لەسەر کراوە ئەگەر پێدانی کتێبەکە بە بەرامبەر بوو.

**ج. گرێبەستێکی عەینیە:** دوای ئەوەی زانیمان کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر هیچ شکلێکی یاسایی دیاریکراوی تێدا بە مەرج نەگیراوە، ئەم جارە دەڵێین بە تەنها بە بوونی ڕەزامەندی و بەیەکگەیشتینی ویستی لایەنەکانیش نابەسترێ، بەڵکو بۆ بەستانی گرێبەستەکە پێویستە شوێنگەی گرێبەستەکە کە بریتییە لە کتێبێکی دیاریکراو بدرێت بە توێژەر واتە کرداری پێدانی کتێبەکە ڕووبدات، بەم شێوەیە کۆڵەگەکانی گرێبەستەکە بریتی دەبن لە ڕەزامەندی و شوێنگە و هۆکار و پێدان، لەم حالەتەشدا گرێبەستەکە تەواو نابێت تەنها دوای پێدانی کتێبەکە نەبێت.

وەشایەنی باسەڕایەك هەیە، (البرزنجي، ٢٠٠٧، لاپەرە ٣٦) پێی وایەکەگرێبەستەعەینیەکان گرێبەستی فەرمین، هەروەکو هەموو گرێبەستەفەرمیەکانی تر، چونکەڕەهەندی ئەم گرێبەستەبەوەرگرتن تەواو دەبێت، تا وەرگرتن ڕوونەدات ئەم گرێبەستەنابەسترێت، کەواتەوەرگرتن لەم جۆرەگرێبەستانەکۆڵەگەیە(روكنه)، کەوای لێدەکات بیێتەگرێبەستێکی شەکلی وەکو هەموو گرێبەستەشکلیەکانی تر.

وەئێمە پشتگیری لەم ڕایەی سەرەوەدەکەین، بۆ ڕوونکردنەوەوخستنەسەری زیاتر ئەم جۆرەفەرمیەکەلەگرێبەستەعینیەکان

هەیەبەدەق یاسا دیاریکراوەو شەکلیەیاسایەکانە، هەر وەکو لەمادە(847) لەیاسای شارستانی عیراقیدا هاتووەکەدەڵێت (خواستن گرێبەستێکەکەبەهۆیەوەکەسێك شتێك دەدات بەکەسێکی تر کەلەناو ناچێت، وبەکاری دەهێنێت بێ بەرامبەر بەمەرجی گەڕانەوەی پاش بەکارهێنانی، وخواستن رووندادات تەنها بەوەرگرتن نەبێت)؛ بۆیەپێمان وایەوەلەڕێگەی پێوانەکردن (القیاس) گرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەر بەبێ فرۆشتنی گرێبەستێکی عەینی فەرمیە،و تەنها بەڕەزامەندی نابەسترێت، بەڵکو وەرگرتنی کتێبەکەکۆڵەگەی (رکن) گرێبەستەکەیە.

هەروەها هەر وەکو پێشتر روونمان کردەوە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر دەکرێ بێ بەرامبەر بێت یاخود ئەگەر بەرامبەریشی تێدابێت بڕێکی هیچە، بۆیە سەرەڕای جیاوازیەکانی لەگەڵ گرێبەستەکانی بەخشین (تبرع) دەبینین لێکچوونێکی زۆریش هەیە، (یاسا شارستانیەکانی ولاٌتانی عەرەبی بە دەقێکی یاسایی پێناسەی بەخشینیان نەکردووە, وە هەروەها وەکو هەڵسوکەوتێکی یاسای سەربەخۆش باسیان نەکردووە، ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کەوا هۆکاری نەهێنانی بنەما گشتیەکانی ئەم هەڵس وکەوتە نەکردنی پێناسەی هەڵس وکەوتە یاساییەکە بە هۆی کاریگەری یاسادانەرە عەرەبیەکانە بە یاسای شارستانی فەرەنسی کە ئەویش بە هەمان شێوە پێناسەی بەخشینی نەکردووە، شایەنی باسە پێویستە یاسای شارستانی یەمەنی ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٢ جیابکرێتەوە لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٢١٠) پێناسەی بەخشینی کردووە کە تیایدا هاتووە (بەخشین بە بێ بەرامبەر بە گرێبەست دەبێت، وە نابەسترێت تەنها بە وەرگرتنی خودی بەخشراوەکە نەبێت بە وەرگرتنێکی تەواو، وە گرێبەستی بەخشین بە بەرامبەر نابەسترێت تەنها بە وەرگرتنی بەرامبەرەکە نەبێت)، و بنەماکانی باس کردووە وە پێدان و وەرگرتنی بە یەکێک لە مەرجەکانی بەخشین داناوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سماحي، 2013) وە بەخشینیش رووندادات تەنها دوای کرداری پێدان و وەرگرتن نەبێت هەر وەکو دیاری و خواستن.... . (الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ٥٤)

د. **گرێبەستێکی بەردەوامە:** گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر یەکێکە لە گرێبەستە بەردەوامەکان لەبەرئەوەی کات ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گرێبەستەکە، وە هەر لەگەڵ بەستنی گرێبەستەکە کاتەکەش دیاریدەکرێت، وە بە درێژای ماوەی گرێبەستەکە پابەندییەکان بەردەوام دەبن، واتە بە درێژایی کاتەکە خاوەنی کتێبەکە پابەندە بە بوار ڕەخساندن بۆ توێژەر کە بتوانێت سود وەربگرێت لە کتێبەکە، وە ناتوانێت داوای گێڕانەوەی کتێبەکەی لێبکات، وە هەروەها توێژەر پابەندە بە پارێزگاریکردن لە کتێبەکە، جا ئەو ماوەیە ڕۆژێک بێت یان هەفتەیەک یان مانگێک یان زیاتر هیچ گۆرانکاری دروست ناکات، بۆیە دەتواندرێت بەم گرێبەستە بوترێ گرێبەستی (ماوە) یان گرێبەستی (کات) هەر وەکو زانایەکی یاسا بەم شێوەیە ناوی ئەم جۆرە گرێبەستانەی بردووە (السنهوري، لاپەرە ١٦٦) و زاناکانی تریش لایەنگیریان کردووە.

هـ. **گرێبەستێکی بە بەرامبەرە:** هەر چەندە لە پێشتر باسمان کرد زۆرجار گرێبەستەکە لێکچوونێکی زۆری دەبێت لەگەڵ گرێبەستەکانی بەخشین، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی گرێبەستەکانی بەخشین لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی بە بەرامبەری هەیە، ئەوەی باو و بڵاوە لە واقعدا، وە دەبیندرێت لە نێو کتێب فرۆشەکان ئەوەیە کە کتێب فرۆشەکە بەرامبەرێک وەردەگرێت لە توێژەر هەر چەندە ئەگەر بەرامبەرەکەش کەم بێت، لەم گرێبەستەدا هەریەک لە لایەنەکان لەبەرامبەر ئەوەی کە وەریدەگرێت، شتێک دەدات (الحكيم، ٢٠٠٧، لاپەرە ٤٨) بەمەش گرێبەستەکە تایبەتمەندی گرێبەستە بە بەرامبەرەکان وەردەگرێت ئەگەر بەبەرامبەر بوو، بەڵام ئەگەر بێ بەرامبەر بوو ئەوا نابێتەگرێبەستی بەبەرامبەر، وە هەروەها کە سەیری بەرپرسیارێتی گرێبەستی دەکەین لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر دەبینین بەرپرسیارێتی کتێبفرۆش قورسترە لە بەرپرسیارێتی بەخشەر، چونکە بەرپرسیارە لە هەموو کەم و کورتییێك، کەچی بەخشەر تەنها لە هەڵەی گەورە بەرپرسیار دەبێت وە بە هەمان شێوە بەرپرسیارێتی توێژەر سوکترە لە بەرپرسیارێتی ئەو کەسەی کە خواستن دەکات، لەبەر ئەوەی توێژەر بۆ سود وەرگرتن لە کتێبەکە بەرامبەرێک دەدات، بەڵام ئەو کەسەی کە خواستن دەکات هیچ بەرامبەرێک نادات. (الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ٦٢)

هەروەها لە رووی شایستەیەوە ئەو کەسەی ئەبەخشێت پێویستە شایستەی یاسای تەواوی هەبێت لەبەر ئەوەی هەڵس وکەوتەکە بە

تەواوی زیانە، بەڵام لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر ئەگەر هاتوو خاوەن کتێبەکە شایستەی تەواویشی نەبوو دەتوانێ گرێبەستەکە بکات لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوتەکە لە نێوان سود و زیان دەسورێتەوە، بەڵام هەڵس وکەوتەکە وەستاو دەبێت یاخود بە تەواوەتی سودبەخش دەبێت بۆ خوێنەر یان توێژەر کە لە کاتی بوونی شایستەی پێویستیش گرێبەستەکە ڕاست و دروست دەبێت بە تایبەتی لە کاتی پێدانی کتێبەکە ئەگەر بێ بەرامبەر بێت، (الحكيم، ٢٠٠٧، لاپەرە ٥٠) بەهەمان شێوە لە گرێبەستەکانی بەخشین، بەخشین بۆ کراو پێگەی تایبەتی هەیە (محل الاعتبار)، کەچی لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن ئەو پێگەیەی نیە،(الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ٢٦) هەروەها قەرزدەری خاوەن کتێبەکە ناتوانێ بە ئاسانی داوای بۆلیسیەی لەسەر بەرزبکاتەوە، لەبەر ئەوەی خاوەنی کتێبەکە کۆمەڵێک هۆکاری ڕەوای هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو گرێبەستە بۆیە لێرەدا سەلماندنی نیەتی فێل کردن قورس دەبێت. (الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ٦٢) هەموو ئەوانەی کە باسمان کردن وە لە داهاتوو چەند جیاوازیەکی تریش باس دەکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کەوا بە شێوەیەکی گشتی ئەم گرێبەستە گرێبەستێکی بە بەرامبەرە نەک بەخشین.

و. **گرێبەستێکی دیاریکراوە:** لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر هەردوو لایەنی گرێبەستەکە ئەوەی کە پێویستە بیدەن ئەوەشی کە وەریدەگرن دیاریدەکرێت، واتە ئەو کتێبەکەی کەوا پێویستە خاوەنی کتێبەکە بیدات بە توێژەر و ئەو بڕە پارەی کەوا توێژەر پابەندە بەوەی کە بیدات بە خاوەنی کتێبەکە دیاریکرێت وە بە هەمان شێوە ئەو ماوەیەی کەوا گرێبەستەکەشی تیدا کۆتایی دێت و گێڕانەوەی کتێبەکەی تێدا پێویست دەبێت دیاریدەکرێت.

شایەنی باسە یاسادانەری عێراقی پێناسەی گرێبەستی دیاریکراوی نەکردووە وە هەروەها پێناسەی بەشێکی زۆر لە جۆرەکانی گرێبەستەکانی نەکردووە، ئەمەش دەگونجێ لەگەڵ ئەو ئاراستەیەی کە پێی وایە پێناسەکردن لە تایبەتمەندی زاناکانەنەک یاسادانەر، (الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ٦٤) لە کاتێکدا ئێمە پێمان وایە کە ئاراستەیەکی دروست نیە، چونکە ئەگەر سەیری زۆربەی یاساکان بکەین، دەبینین سەرەتا وە لەماددەکانی سەرەتایی پێناسەی کردووە بۆ کۆمەڵێک دەستەواژە کە لە یاساکەدا هاتوون، ئەمەش کارێکی باشە بۆ ڕوون کردنەوە و پێدانی بەرچاوڕوونی بە خوێنەر، بۆیە پێمان باش بوو یاسادانەری عێراقیش وەکو یاساکانی تر کە لە عێراق دەردەچن پێناسەی دەستەواژە گرنگەکانی کردبا. (بۆ زیاتر ئاشنابوون بڕوانە مادده (١) بکە لە یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکانی عێراقی ژمارە (٧٨) ی ساڵی ٢٠١٢ ، هەروەها مادده (١) ی یاسای وەبەرهێنانی عێراقی ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ ، مادده (١) لە یاسای نەوت و گازی کوردستان ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧)

ز. **گرێبەستێکە لەسەر سود دەکەوێتەوە:** هەروەکو پێشتر ڕوونمان کردەوە ئەم گرێبەستە هیچ مەبەستێکی تێدانیە کە بریتی بێت لە گواستنەوەی خاوەندارێتی کتێبەکە بۆ توێژەر بەڵکو تەنها لەسەر سودوەرگرتن لە کتێبەکە دەکەوێتەوە لە ماوەیەکی دیاریکراو هەروەکو گرێبەستی خواستن و بەکرێدان، (الفضلي، 1997، لاپەرە 196) لێرەدا توێژەر لە ئەنجامی ئەو گرێبەستەی کە ئەنجامی داوە وە ئەو بەرامبەری کە بە خاوەنی کتێبخانەکەی داوە دەتوانێ سود لەکتێبەکە وەربگرێت.

### 2.2 تەوەرەی دووەم: گونجاندنی یاسای بۆ گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن

لەم تەوەرەیەدا لە میانەی سێ لقدا هەڵدەستین بە دیاریکردنی گونجاندنی یاسایی بۆ ئەم گرێبەستە، لە لقی یەکەمدا لە چوارچێوەی گرێبەستی بەکرێدانی سامانە گوێزەرەوەکان گونجاندنی یاسایی بۆ گرێبەستەکە دەکەین بەجۆرێک ئەمە ئەخەینەڕوو، کەوا ئایا ئەم گرێبەستە یەکێکە لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی سامانەگوێزەرەوەکان یاخود گونجاندنێکی تری جیاوازی هەیە؟ وە لە لقی دووەمدا بەرەو ئاراستەی گرێبەستی خواستن دەڕۆین وە ئەمە ڕوون دەکەینەوە کەوا ئایا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن هەمان گونجاندنی یاسایی گرێبەستی خواستنی هەیە یاخود نا؟ وە لە لقی سێیەم و کۆتاییدا تیشک ئەخەینە سەر ئەوەی کەوا ئایا گرێبەستەکە یەکێکە لە گرێبەستە بێ ناوەکان یاخود یاسادانەر بنەما و ڕێسای تایبەتی بۆ داناوە.

**1.2.2 لقی یەکەم: یەکێکە لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی سامانە گوێزەرەوەکان**

گرێبەستی بەکرێدان بە یەکێک لە گرێبەستە ناونراوەکان دادەنرێت لە دوای گرێبەستی فرۆشتن، بە شێوەیەک کە وادەکات ساماندارەکان بتوانن سامانەکانیان بخەنە گەر لە بوارێک بە مەبەستی زیادکردن وە ئەوانەش کە ساماندار نین بتوانن سود لەو سامانانە وەربگرن کە هی خۆیان نیە. (جاسم، 1986، لاپەرە 77) وە لە لایەنی کردەیی یەکێکە لەو گرێبەستانەی کە زۆرترین ئەنجامدەری هەیە، وە لە ڕووی کۆمەڵایەتیش ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان چینی ساماندار و چینی کرێچی، لە ڕووی ئابوریشەوە یارمەتی چینی ساماندار دەدات بۆ وەبەرهێنانی سامانەکانیان کە بە خۆیان ناتوانن سودی لێوە ببینن لە ڕێگەی بە کرێدانەوەیان بەو کەسانەی کە دەتوانن وەبەرهێنان لە سامانەکە بکەن. (الفضلي، 1997، لاپەرە 196)

جا لێرە ئەگەر بمانەوێ پێناسەی گرێبەستی بەکرێدان بکەین دەبینین یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) ی ساڵی ١٩٥٠ لە ماددەی (٧٢٢) بەم شێوەیە پیناسەی کردووە، دەڵێ بریتیە لە: بە خاوەندارێتی کردنی سودێکی دیاریکراو بە بەرامبەرێکی دیاریکراو وە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بە جۆرێک کەوا بەکرێدەر پابەندە بە ڕەخساندنی بوار بۆ کرێچی کە بتوانێت سود لە بەکرێدراوەکە وەربگرێت؛ وە هەروەها یاسای قەرزی تورکی ژمارە (٦٠٩٨) ی ساڵی ٢٠١١ لە ماددەی (٢٩٩) بەم شێوەیە پێناسەی بەکرێدانی کردووە: گرێبەستێکە بە هۆیەوە بە کرێدەر پابەندە بە پێدانی ئەو سامانەی کەوا ڕێککەوتنی لەسەرکراوە بە کرێچی یاخود بوار ڕەخساندن بۆ ئەوەی بتوانێت سودی لێوەربگرێت، لە بەرمبەردا کرێچی پابەندە بە پێدانی ئەو بڕەی کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە بە بەکرێدەر؛ وە هەروەها یاسای شارستانی قەتەری ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ لە ماددەی (٥٨٣) پێناسەی گرێبەستی بەکرێدانی کردووە و دەڵێ: گرێبەستێکە بە هۆیەوە کرێچی دەتوانێت سود لە شتە بەکرێدراوە دیاریکراوەکە وەربگرێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە بەرامبەر پێدانی بڕە ماڵێک؛ وە هەروەها یاسای شارستانی یەمەنی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٢ لە ماددەی (٦٨٢) بەم شێوەیە دەقی کردووە لەسەر پێناسی گرێبەستی بەکرێدان کە: بە کرێدان گرێبەستێکە لە نێوان بەکرێدەر و کرێچی کە دەکەوێتەوە لەسەر سودێکی دیاریکراو بە بەرامبەرێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان ڕەها.

لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا گرێبەستی بەکرێدان کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کەوا جیای دەکاتەوە لە گرێبەستەکانی تر لەوانە:

أ. گرێبەستێکی ڕەزامەندییە: واتە تەنها بە ڕەزامەندی لایەنەکان دادەمەزرێت و پێویستی بە هیچ ڕێوشوێنێکی فەرمی نیە. (تناغو ، 2008، لاپەرە 5)

ب. گرێبەستێکە پابەندییە بۆ هەردوولا: بە تەنها ئەنجامدانی گرێبەستەکە لایەنەکان پابەندییان بۆ دروست دەبێت، بە شێوەیەک پابەندی لایەنی یەکەم کە بەکرێدەرەکەیە بریتیە لە ڕەخساندنی بوار بۆ کرێچی کە بتوانێت سود لە بەکرێگیراوەکە وەربگرێت وە پابەنی لایەنی دووەم کە کرێچیە بریتیە لە پارێزگاریکردن لە سامانەکە و گێرانەوەی لە کاتی دیاریکراوی خۆی وە پێدانی بڕی ڕێکەوتن لەسەرکراو بە بەکرێدەر. (الشواربي، لاپەرە 33)

ج. گرێبەستێکە لە گرێبەستەکانی کات و بەردەوامە: پابەندییەکانی هەردوو لایەنی گرێبەستەکە بە درێژای ماوەی دیاریکراو بەردەوام دەبێت، واتە بە درێژای ئەو ماوەیە خاوەن موڵک پابەندە بە ڕەخساندنی بوار بۆ کرێچی کە بتوانێ سود لە سامانەکە وەربگرێت، وە کرێچیش پابەندە بە پارێزگاری کردن لە سامانەکە بە درێژای ماوەکە. (تناغو ، 2008، لاپەرە 5)

د. گرێبەستێکی بە بەرامبەرە: هەردوو لایەنی گرێبەستەکە شتێک وەردەگرن لە بەرامبەر ئەو شتەی کە دەیدەن. (العبودي، 2009، لاپەرە 235)

هـ. گرێبەستێکە لەسەر سود دەکەوێتەوە: گرێبەستی بە کرێدان لەسەر سود وەرگرتن لە شتە بەکرێگیراوەکە دەکەوێتەوە نەوەك لەسەر خاوەندارێتی کردنی، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە گرێبەستی فرۆشتن، کرێچی لەو ماوەیە تەنها خاوەندارێتی سود وەرگرتن لە بەکرێ دراوەکە بەدەست دێنێت نەک خاوەندارێتی خودی شتەکە. (دیاب، 2007، لاپەرە 420)

دوای زانینی پێناسەی گرێبەستی بە کرێدان و پیشاندانی هەڵوێستی یاسا بەراوردکارییەکان و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەم گرێبەستە پرسیارگەلێك دێتە ئاراوە، کە ئایا هەمان ئەحکام و بنەما و ڕێساکانی گرێبەستی بەکرێدان دەتواندرێت جێبەجێبکرێت لەسەر گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ

فرۆشتن؟ ئایا هەردوو گرێبەستەکە هەمان تایبەتمەندییان هەیە یاخود تایبەتمەندییەکانیان جیاوازن؟ ئایا دەتوانین بڵێین کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن یەکێکە لە گرێبەستەکانی بە کرێدان؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە سەرەتا ڕووە لێکچووەکانی نێوان هەردوو گرێبەستەکە دەخەینەڕوو، دواتر ڕووە جیاوازەکانیان کەهەریەك لە گرێبەستی بەکرێدان و گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن تایبەتمەندی ڕەزامەندییان هەیە، وە هەردووکیان گرێبەستی پابەندیین بۆ هەردوولا، لە هەمان کاتدا گرێبەستی بەردەوامن بە جۆرێک لە هەردوو گرێبەستەکە لایەنەکان پابەندییەکانیان بەردەوام دەبن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وە خاڵێکی تری گرنگ وە لێکچوو لە نێوان هەردوو گرێبەستەکە بریتیە لەوەی کەوا هەردوو گرێبەستەکە لەسەر سود دەکەونەوە نەک لەسەر خاوەنداریێتی، واتە هەر یەک لە کتێبخانەکە و خاوەنی بەکرێدراوەکە پابەندن بە ڕەخساندنی بوار بۆ تویژەر و بۆ کرێچی کە بتوانن سود لە کتێبەکەیان یان لە بەکرێدراوەکە وەربگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا هەردوو گرێبەستەکە کۆمەڵێک خاڵی جیاوازیش لە نێوانیان بەدی دەکرێت کە بریتین:

أ. هەر وەک لە پێشتر باسمان کرد یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بریتییە لەوەی کەوا گرێبەستەکە گرێبەستێکی عەینیە، واتە بۆ ئەوەی گرێبەستەکە ئەنجام بدرێت جگە لەوەی کە پێویستە هەرسێ کۆڵەگەی ( ڕەزامەندی، شوێنگە، هۆکار) بێنەدی پێویستی بە کۆڵەگەی چوارەمیش هەیە کە بریتیە لە کرداری پێدان و وەرگرتن (التسليم) کەچی گرێبەستی بەکرێدان ئەوە تایبەتمەندییەی نیە تەنها بە بوونی ڕەزامەندی لایەنەکان گرێبەستەکە تەواو دەبێت.

ب. گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن زۆربەی کات وە بەو شێوەش کە باوە لە نێوان کتێبفرۆشەکان گرێبەستێکی بە بەرامبەرە، خاوەنی کتێبەکە بڕێک وەردەگرێت لە تویژەر لە بەرامبەر ئەوەی کە کتێبەکەی پێدەدات، بەڵام هەندێک جار دەکرێت بێ بەرامبەریش بێت. لە کاتێکدا کرێ لە گرێبەستی بەکرێدان کۆڵەگەیەکی بنەڕەتیە وە بەبێ کرێ گرێبەستەکە نابەسترێ، بە جۆرێک ئەگەر کرێ لە گرێبەستەکە نەما ئەوا گرێبەستەکە دەگۆڕێت بۆ گرێبەستی بەخشین (العبودي، 2009، لاپەرە ٢٦١) ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە ئەو بەرامبەرەی کەوا هەیە لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن زۆربەی جار بڕێکی کەم و هیچە واتە بڕێکی ڕاستەقینە نیە، بەڵام لە گرێبەستی بەکرێدان بڕی ئەو کرێیەی کە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە پێویستە ڕاستەقینە بێت، ئەگەر هاتوو بڕەکە بڕێکی کەم و ڕووکەشی بوو ئەوا گرێبەستەکە وەکو گرێبەستی بەکرێدان پوچەڵ دەبێتەوە. (الفضلي، 1997، لاپەرە ٢١٥)

ج. وە هەروەها لە بابەتی وازهێنان لە ماف بۆ کەسێکی تر لە گرێبەستی بەکرێدان لە ماددەی (٧٧٥)ی یاسای شارستانی عێراقی و ماددەی (٣٢٢)ی یاسای شارستانی تورکی ژمارە (٤٧٢١)ی ساڵی (٢٠٠١) و ماددەی (٦٢٠)ی یاسای شارستانی قەتەری و ماددەی (٧٤٠) یاسای شارستانی یەمەنی ڕێگەیان داوە کەوا کرێچی تەنازول لە مافی خۆی بکات بۆ کەسێکی تر ئەگەر ڕێکەوتنی پێچەوانە نەبوو. بەڵام لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن بۆ تویژەر نیە تەنازول لە مافی خۆی بکات بۆ کەسێکی تر لەبەر ئەوەی هەروەکو لە پێشتر باسمانکرد هەندێک جار دەکرێت گرێبەستەکە بێ بەرامبەربێت وە ئیعتیباری کەسی ڕۆڵی هەبێت وە بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی گرێبەستی خواستن لە خۆی بگرێت.

لە دەرئەنجامی ئەو لقە دوای ناساندن و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی بەکرێدانی سامانە گوێزراوەکان وە هەروەها پێشاندانی ڕووە لێکچوو و جیاوازەکان لە نێوان ئەم گرێبەستە و گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن یەکێک نیە لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی شتە گوێزراوەکان لەبەر ئەو جیاوازییە بنەڕەتیانەی کەوا لە نێوانیان دا هەیە، وە ناتوانین ڕێسا و بنەما و ئەحکامەکانی گرێبەستی بەکرێدانی سامانە گوێزراوەکان لەسەر گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی هەر یەك لەو جیاوازیە بنەڕەتیانەی کەوا لە پێشتر خستمانەڕوو لە نێوان گرێبەستەکان وادەکات کەوا گونجاندنی یاسایشیان بگۆڕێت.

### 2.2.2 لقی دووەم: یەکێکە لە گرێبەستەکانی خواستن

گرێبەستی خواستن یەکێکە لە گرێبەستە بە ناوەکان وە هەروەها یەکێکە لەو گرێبەستانەی کە زۆرترین ئەنجامدەری هەیە، هەر کەسێک لە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا چەندین جار ئەم هەڵسوکەوتەی ئەنجام داوە، وەکو وەرگرتنی

کتێب و مۆبایل هەرشتێکی تر بەبێ ئەوەی بزانێ ئەوە هەڵسوکەوتێکە لە شێوەی گرێبەست ئەنجام دەدرێت و ئەحکامەکانی بە یاسا ڕێکخراون؛ بۆیە ئێمە لە توێژینەوەکەمان بۆ ناساندنی گرێبەستی خواستن ئەو پێناسانە ئەخەینەڕوو کەوا لە یاسا بەراوردکارییەکان بۆ ئەم گرێبەستە کراون، بە یاسای شارستانی عێراقی دەست پێدەکەین کەوا لە ماددەی (٨٤٧) پێناسەی کردووە و دەڵێ: خواستن گرێبەستێکە بە گوێرەی گرێبەستەکە کەسێک شتێک بە کەسێک دەدات کە شایەنی لە ناوچوون نیە و بێ بەرامبەرە وە پێویستە بگەرێندرێتەوە دوای بەکارهێنان، وە خواستن تەواو نابێت تەنها دوای وەرگرتن نەبێت؛ وە هەروەها ماددەی (٣٧٩) لە یاسای قەرزی تورکی بەم شێوەیە پێناسەی گرێبەستی خواستنی کردووە: گرێبەستی خواستن ئەو گرێبەستەیە کەوا خواستن لێکراو شتێک دەداتە خواستن بۆکراو بەبێ بەرامبەر، کە پێویستە لەسەری دوای بەکارهێنان شتەکە بگەرێنێتەوە بۆ خواستن لێکراو. وە هەروەها یاسای شارستانی قەتەری لەماددەی (٩٦٥) دەقی لەسەر پێناسەی خواستن کردووە و دەڵێ: خواستن بریتیە لە ڕێگەدانی خواستن لێکراو بە خواستن بۆکراو بە سود وەرگرتن لەشتێک کە خاوەنداریەتەکەی دەگەرێتەوە بۆ خواستن لێکراو وە بەبێ بەرامبەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ کاریکی دیاریکراو. وە یاسای شارستانی یەمەنی لەماددەی (٦٧٠) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە کەوا: خواستن گرێبەستێکە بەهۆیەوە خواستن لێکراو پابەندە بە پێدانی شتێکی ناشایان بۆ لەناوچوون بە خواستن بۆکراو بۆ ئەوەی بەکاریبێنێت بێ بەرامبەر و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، وە پێویستە لەسەری بیگەرێنێتەوە دوای بەکارهێنان.

لێرەدا بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ روون بێتەوە کە ئایا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن یەکێکە لەگرێبەستەکانی خواستن یان بە جۆرێکی تر بڵێین ئایا هەردووکیان هەڵگری یەک جۆر تایبەتمەندین یاخود جیاوازن، پێویستە بە ووردی شیکردنەوە بۆ پێناسەکانی خواستن بکەین لە یاسا بەراوردکارییەکاندا.

سەرەتا بەو پێناسەیە دەست پێدەکەین کە یاسادانەری عێراقی بۆ گرێبەستی خواستنی کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو پێناسەیەی کە بۆ گرێبەستی خواستن کراوە لە یاسای شارستانی عێراقی خاڵێکی هاوبەشی زۆر گرنگمان پێ دەڵێت لە نێوان گرێبەستی خواستن و گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، کە سەیری کۆتایی ماددەی (٨٤٧)ی یاساکە دەکەین پێمان دەڵێت کەوا گرێبەستی خواستن تەواو نابێت تەنها بە وەرگرتن نەبێت، کەواتە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا هەردوو گرێبەستی خواستن و گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گرێبەستی عەینین بە جۆرێک هەرچەندە ئەگەر ڕەزامەندی و بەیەکگەیشتنی ویستەکانیش هەبێت گرێبەستەکە تەواو نابێت تەنها دوای پێدان و وەرگرتنی شتەکە نەبێت.

بەڵام کاتێک سەیری یاسا بەراوردکارییەکانی تر دەکەین دەبینین نە لە یاسای قەرزی تورکی و نە لەیاسای شارستانی قەتەری بەشێوەیەکی ئاشکرا وەرگرتنی ئەو شتەی کە خواستنی لەسەر کراوە بە مەرج نەگیراوە بۆ تەواو بوونی گرێبەستەکە، بەڵکو تەنها بوونی ڕەزامەندی و بەیەکگەیشتنی ویستەکان گرێبەستەکە تەواو دەکات، ئەوە نەك تەنها لە یاسا بەراوردکارییەکان بەڵکو لە یاسای شارستانی چەندین وڵاتی تریش بۆ نمونە ماددەی (٦٠٢)ی یاسای شارستانی سوری و ماددەی (٦٣٥)ی یاسای شارستانی میسری وەرگرتن وەکو کۆڵەگەیەک لە کۆڵەگەکانی گرێبەستی خواستن دانەندراوە.

لێرە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا هەردوو گرێبەستی خواستن و گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن لە یاسای شارستانی عێراقی تایبەتمەندی عەینیبوونیان هەیە، وە وەرگرتن کۆڵەگەیەکە لە کۆڵەگەکانی گرێبەست، بەڵام لە یاسا بەراوردکارییەکانی تر دوو گرێبەستن بە جۆرێک کە جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوانیان بە شێوەیەک کەوا لە یاسا بەراوردکارییەکان جگە لە عێراق گرێبەستی خواستن گرێبەستێکی عەینی نیە لە کاتێکدا هەروەکو پێشتر باسمان کرد گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گرێبەستێکی عەینیە.

لەبارەی ئەو تایبەتمەندییەی کەوا گرێبەستی خواستن یەکێکە لە گرێبەستەکانی بەخشین ئەوا یاسای شارستانی عێراقی و هەموو یاسا بەروردکارییەکانی تر کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا گرێبەستی خواستن گرێبەستێکی بێ بەرامبەرە، (شایانی باسە یاسای شارستانی فەرەنسی پێناسەی گرێبەستی خواستنی نەکردووە بەڵام لە جیاتی ئەوە لە ماددەی (١١٠٥) لە یاسای ناپلیۆنی ساڵی ١٨٠٤ پێناسەی گرێبەستی چاکەکردنی کردووە و دەڵێ: گرێبەستێکە کەوا بە پێی گرێبەستەکە یەکێک لە لایەنەکان هەڵدەستێ بە پێشکەشکردنی سودێکی بێ بەرامبەر بەلایەنێکی تر) واتە ئەو کەسەی کەوا خواستنی بۆ دەکرێت پابەند نیە بەپێدانی هیچ برێکی دیاریکراو لە بەرمبەر ئەو شتەی کەوا بە خواستن وەریگرتووە، (السنهوري،2011، لاپەرە 7) بەڵام گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ

فرۆشتن ڕاستە هەندێک جار بێ بەرامبەر دەبێت بە شێوەیەکی گشتی وە بەو شێوەیەی کە باوە و لە واقیعدا دەبیندرێت گرێبەستێکی بە بەرامبەرە، بەڵام بەرامبەرەکە بڕێکی کەم بایەخ و هیچە وەکو نەبوو وایە، و هەمان تایبەتمەندی گرێبەستی خواستنی هەیە، چونکە بەگوێرەی چاوپێکەتنمان لەگەڵ خاوەن کتێبخانەی تەبایی یاسایی ئەوەمان بۆ ڕوون بۆتەوە کەوا تەنها مەبەستی لەم جۆرە گرێبەستانە یارمەتی دان و چاکەکردنە لەگەڵ توێژەر.

لێرەدا شتێکی ترمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا شایانی باسکردنە دەتوانین بڵێین بە پێی یاسای شارستانی عێراقی ئەگەر هاتوو گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن بێ بەرامبەر بوو ئەوا دەبێتە یەکێک لە گرێبەستەکانی بەخشین و هەڵگری تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی خواستن دەبێت بە مەرجێک خاوەنی کتێبخانەکە خۆی خاوەنی ڕاستەقینەی کتێبەکە بێت؛ لەبەر ئەوەی ئەگەر بە گوێرەی هەموو یاسا بەراوردکارییەکان دوو جیاوازی بنەڕەتی هەبێت لە نێوان گرێبەستی خواستن و گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن وەکو بوونی بەرامبەر و عەینی بوونی گرێبەستەکە، ئەوا بە گوێرەی یاسای شارستانی عێراقی تەنها یەک جیاوازی هەیە ئەویش بوونی بەرامبەرە لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن بۆیە ئەگەر ئەو جیاوازیە نەما ئەوا دەبێتە هەڵگری هەمان تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی خواستن، هەر چەندە ئەم بەرامبەرەوەکو نەبوو وایە بۆیەئەم جیاوازیەش بوونی نامێنێت.

هەروەها ئەگەر گرێبەستی خواستن و گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن ئەنجام درا بەشێوەیەك کەوا گرێبەستی دووەم کە خاوەنی کتێبخانەکان ئەنجامی دەدەن لە ڕووی شوێنگەی گرێبەستەکەوە خاوەنی کتێبەکە نین، بەڵکو نوسەر لە کتێبخانەکەی داناوە بۆ مەبەستی فرۆشتن، نەک پێدانی بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، ئەمەش هەڵس و کەوتێکە بە سامانی کەسانی تر؛ بەڵام گرێبەستەدروستەوڕاگیراو دەبێت وجێ بەجێ ناکرێت تاکو خاوەنی ڕاستەقینەی کتێبەکەمۆڵەت دەدات .

هەروەها بەپێویستی دەزانین ڕوونبکەینەوەی زیاتر بدەین، کەوا چەند خاڵێکی هاوبەشی تریش لە نێوان هەردوو گرێبەستەکە هەیە، یاخود دەتوانین بڵێین کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن هەڵگری چەند تایبەتمەندیێکی گرێبەستی خواستنە، وەکو ئەوەی هەردوو گرێبەستەکە پابەندین بۆ هەردوو لایەن، (رفيعة، 2011، لاپەرە 9) ولە گرێبەستی خواستن خاوەنی شتە خواستکراوەکە پابەندە بە پێدانی سامانەکە بە خواستن بۆکراو یاخود بوار بڕەخسێنێت بە جۆرێک کەوا خواستن بۆکراو بتوانێت سود لە شتەکە وەربگرێت لە هەمان کاتدا خواستن بۆ کراو پابەندە بەپارێزگاریکردن لەسەر شتەکە و گێڕانەوەی لە کاتی دیاریکراوی خۆی، بە هەمان شێوە لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن خاوەنی کتێبەکە پابەندە بە پێدانی کتێبەکە بە توێژەر وە بوار ڕەخساندن بە جۆرێک کە توێژەر بتوانێت سود لە کتێبەکە وەربگرێت، وە هەروەها توێژەر پابەندە بە پارێزگاریکردن لە کتێبەکە و گێڕانەوەی لە کاتی خۆی، وە ئەگەر گرێبەستەکە بە بەرامبەر بوو ئەوا پابەندە بەپێدانی بڕە ڕێکەوتن لەسەر کراوەکە. وەهەر لەچوارچێوەی خستەڕووی ئەو خاڵە هاوبەشە ئەوەشمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا هەردوو گرێبەستەکە لەسەر سود دەکەونەوە، (العبودي، 2009، لاپەرە 2٣٩) وە هەروەها هەردوو گرێبەستەکە گرێبەستی کارگێڕین، واتە لە هەموو حاڵەتێک خواستن بۆکراو وە هەروەها توێژەر پابەندن بە گێرانەوەی کتێبەکەوەکو خۆی بەبێ ئەوەی مافی هەڵسوکەوتکردنیان هەبێت بەسەری، هەروەکو ماددەی (٨٦٠) لە یاسای شارستانی عێراقی دەقی لەسەر کردووە.

### 3.2.2 لقی سێیەم: یەکێکە لە گرێبەستە بێ ناوەکان

دوای ئەوەی لە لقی یەکەم و دووەمی ئەم تەوەرەیە ئەوەمان بۆ ڕوونبویەوە کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن یەکێک نیە لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی شتە گوێزەرەوەکان و گرێبەستەکانی بەخشین بە ڕەهایی، لەم لقە تیشک ئەخەینە سەر ئەوەی ئایا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن یەکێکە لە گرێبەستە بێ ناوەکان یاخود نا ؟ بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بە ووردی تیشک ئەخەینە سەر ناساندنی بابەتی گرێبەستە بێ ناوەکان و ئەحکام و تایبەتمەندییەکانیان.

گرێبەستەکان جۆراوجۆر و نەژمێردراون بە جۆرێک کە ناتواندرێت لە نێوان دوو کەوانە دابندرێت، (السنهوري، 1998، لاپەرە 124) لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان ئازادن لە دروستکردنی پابەندی و ئەنجامدانی گرێبەست لە چوارچێوەی سیستەم و ئادابی گشتی، جا لەم حاڵەتە یاسا بەشێک لە گرێبەستەکانی ڕێکخستووە کە پێیان دەوترێت گرێبەستە ناونراوەکان، کەبریتیین لەو گرێبەستانەی کەوا یاسا ناوی تایبەتی بۆ داناون، (عبدالله، 2008، لاپەرە 52) سەرەڕایی ئەحکامە گشتیەکان ئەحکامی تایبەتی بۆ داناون

ئەمەش لەبەر باو و بەربڵاویان لە نێوان مرۆڤەکان. (العامري، 1974، لاپەرە 3) ئەو ئەحکامانە کە داندراون بۆ ڕێکخستنی گرێبەستە ناونراوەکان تەواوکەرن بۆ ویستی لایەنەکان، وە ئەحکامە گشتیەکان ناتواندرێت جێبەجێ بکرێت لەسەر گرێبەستەکان ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە لە گرێبەستە ناونراوەکان بوو و ئەحکامی تایبەت بە خۆی هەبوو، (الفضلي، 1997، لاپەرە ١2) جا هەندێک لەو گرێبەستانە لەسەر گواستنەوەی خاوەندارێتی دەکەونەوە وەکو گرێبەستی کڕین فرۆشتن و گرێبەستی دیاری، هەندێکی تریان لەسەر سود وەرگرتن لە شتەکە دەکەونەوە وەکو گرێبەستی خواستن و گرێبەستی بەکرێدان، یانیش گرێبەستەکە لەسەر کارکردن دەکەوێتەوە وەکو گرێبەستی بەڵێندەرایەتی و گرێبەستی کار.

وە لەبەر ئەوەی ویستی مرۆڤەکان ئازادە لە ئەنجامدانی گرێبەست بۆ تێرکردنی پێداویستیەکان و باش بەڕێوەبردنی مامەڵەکانیان، ناچار دەبن کەوا پەنا ببەنە بەر ئەنجامدانی چەندین گرێبەستی تر کەوا لەو گرێبەستانە نین کە یاسا ناوی هێناون و ئەحکامی تایبەتی بۆ داناون، ئەمانەش پێیان دەوترێ گرێبەستە بێ ناوەکان، کە بریتین لەو گرێبەستانەی کە یاسا دەقی نەکردووە لەسەر ئەو ئەحکام و ڕێسا و یاسایانەی کەوا ڕێکیان دەخەن یان لەسەر ئەو کاریگەریانەی کەوا لێیان دەکەونەوە، (عبدالصمد، 2014، لاپەرە 3) بۆ نمونە گرێبەستی بڵاوکردنەوە کەوا بە پێی گرێبەستەکە خانەی بڵاوکردنەوەکە بەڵێن دەدات بە چاپکردنی کتێبی دانەرێکی دیاریکراو لە بەرامبەر ڕێژەیەکی دیاریکراو لە قازانجەکەی، یان گرێبەستی هۆتێل کە لە نێوان گەشتیار و خاوەنی هۆتێلەکە ئەنجام دەدرێت بە گوێرەی گرێبەستەکە گەشتیار بڕێکی دیاریکراو لە ماڵ دەداتە خاوەنی هۆتێلەکە لە بەرامبەر مانەوەی لە هۆتێلەکە و ئەو خزمەتگوزاریانەی کە وەریدەگرێت، گرێبەستە وەرزشیەکان و گرێبەستەکانی ڕاگەیاندنیش بە هەمان شێوە.

وە لەبەر ئەوەی یاسا ئەو گرێبەستانەی ڕێکنەخستووە و ئەحکام و ڕێسای تایبەتی بۆ دانەناوە بۆیە ملکەچ دەبن بۆ بنەما گشتیەکانی گرێبەست، هەر وەکو یاسای شارستای عێراقی لە ماددەی (٧٦) لە بڕگەی یەکەم دەقی کردووە لەسەر ئەوەی کەوا ڕێسا و بنەما گشتیەکانی هاتوو لە باسی یەکەم و لە بەشی یەکەمی یاسا کە تایبەتن بە گرێبەست، جێبەجێدەکرێت لەسەر گرێبەستە بە ناوەکان و گرێبەستە بێ ناوەکان، بە هەمان شێوە لە یاسای قەرزی تورکی لە ماددەی (١٩-٢٠) دەقی کردووە لەسەر ئەوەی ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە لە گرێبەستە بێ ناوەکان بوو وە پێچەوانە نەبوو لەگەڵ ئاداب و سیستەمی گشتی ئەوا ملکەچ دەبێت بۆ بنەما گشتیەکانی گرێبەست؛ وە لە بارەی هەردوو یاسای شارستانی قەتەری و یەمەنی هەرچەندە هاوشێوەی یاسای شارستانی عێراقی و یاسای قەرزی تورکی بە ڕاشکاوی دەقیان نەکردووە لەسەر ئەوەی کەوا بنەما گشتیەکان لەسەر گرێبەستە بێ ناوەکان جێ بەجێ دەبن، بەڵام ئەوە جێگیرە لە فیقهی یاسا و تیۆری گرێبەست، (عبدالصمد، 2014، لاپەرە ٥٠) وە لە زۆربەی یاسا شارستانیەکانی تری وڵاتانی عەرەبی، بۆ نمونە یاسای شارستانی ئوردەنی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧٦ لە ماددەی (٨٩) بە هەمان شێوەی یاسای شارستانی عێراقی دەقی لەسەر ئەو بابەتە کردووە.

وە هەروەها بابەتی دیاریکردنی گرێبەست کە ئایا بە ناوە یاخود بێ ناو بابەتێکی یاساییە و لە تایبەتمەندی دادوەرە، ناوەستێتە سەر ئەو ناوەی کەوا لایەنەکانی گرێبەست لە گرێبەستەکەیان ناوە، چونکە لەوانەیە وەسفێکی هەڵەیان دابێتە گرێبەستەکە بە مەبەستی شاردنەوەی گرێبەستێکی تر. (سعدي، لاپەرە 51-52)

شایانی باسە هەندێ جار یەکێک لە گرێبەستە بێ ناوەکان بە هۆی بەربڵاوی و زۆری ئەنجامدانی لە نێو تاکەکان لە لایەن یاسادانەر زیاد دەکرێت بۆ لیستی گرێبەستە بە ناوەکان، هەر وەکو ئەوەی یاسادانەری جزائیری کردی کە هەڵسا بە زیادکەدنی گرێبەستی بیمە بۆ لیستی گرێبەستە بەناوەکان. (العربي، 2005، لاپەرە 53)

دوای خستنەڕووی پوختەیەک لەسەر گرێبەستە بێ ناوەکان، نۆرەی ئەوەیە وردبینەوە لەوەی کە ئایا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن یەکێکە لە گرێبەستە بێ ناوەکان یاخود نا؟ ئایا ئەم گرێبەستە ملکەچ دەبێت بۆ ئەحکامە گشتیەکانی گرێبەست یاخود ئەحکام و بنەمای تایبەت بە خۆی هەیە کە ڕێکی دەخات؟

بێ گومان لە یاسای شارستانی عێراقی و یاسا بەراوردکارییەکان ئەو گرێبەستانەمان باسکردن و شیمانکردنەوە کە ڕووی لێکچووی زۆریان هەیە لەگەڵ گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، وەکو گرێبەستی بەکرێدانی شتە گوێزراوەکان، وە لە ئەنجامدا گەیشتینە ئەوەی کە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن یەکێک نیە لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی

سامانەگوێزراوەکان لەبەر ئەوەی گرێبەستێکی عەینیە و هەندێ جار بێ بەرامبەرە، هۆکارەکەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوەکەلەگرێبەستی بەکرێدان مەرجەکرێیەکەڕاستەقینەو بوونی هەبێت، وکرێی هیچ لەم گرێبەستەدەچێتەپاڵ حوکمی کرێی صوری، بەم شێوەیەگرێبەستی بەکرێدان پووچوڵ دەبێت، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو بەرامبەرە هیچەلەگرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەر حوکمەکرێی لەسەر پیادەدەبێت گرێبەستەکەش بەکرێدانە،وە هەروەها هەندێک جار ئیعتیباری کەسی تێدایە، وە هەروەها ئەگەر پرسیار بکەین ئایا گرێبەستەکە یەکێکە لە گرێبەستەکانی بەخشینە(التبرع) جا یەکسانە دیاری بە بەرامبەر بێت یاخود بێ بەرامبەر؟ دەڵێین نەخێر، چونکە گرێبەستی دیاری لەسەر گواستنەوەی خاوەندارێتی دەکەوێتەوە (العبودي، 2009، لاپەرە ٣٨) بەڵام ئەم گرێبەستە تەنها لەسەر سود وەرگرتن دەکەوەیتەوە.

بۆیەدەتوانین بڵێین گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر لە گرێبەستی چاکەکردنە(عقد التَفَضُل)، (الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ٢٦) کە لە گرێبەستە ناونراو و ڕێکخراوەکانە لە یاسای عێراقی دەچێتە ژێر باری گرێبەستی بەخشینی خزمەت، بەواتایەکی تر وەسفێکە بۆ گرێبەستی خواستن بەتایبەتی ئەگەر بێ بەرامبەر بێت، وئەگەر بە بەرامبەریش بێت ئەوا بەرامبەرەکەی هیچە، وەکو نەبوو وایە، بەشێوەیەك کەوا لایەنێك لەگرێبەستەکە سوودی شتێك دەبەخشێتە لایەنەکەی تری گرێبەست بێ بەرامبەر، وەبەبێ ئەوەی خاوەنداریەتی بگوازرێتەوە بۆی، بەم شێوەیەش خاوەن کتێبخانەکان چاکە لەگەڵ توێژەر دەکەن بە سودی کتێبەکە و سودێك و خزمەتێک پێشکەش دەکات، هەروەکو بریکارێك کارێك بۆ بریکاردەرەکەی بکات و خزمەتێکی پێشکەش بکات بێ بەرامبەر، وەگرێبەستەکە لە گرێبەستە دروست و جێبەجیکراوەکان دەبێت (سەیری مادە (١٣٣) کە لە یاسای شارستانی عێراقی ساڵی ١٩٥٠) ئەگەر خاوەنی کتێبخانەکە خۆی خاوەنی کتێبەکە بێت؛ بەڵام ئەگەر خاوەنی کتێبەکە نەبوو، ئەوا لە گرێبەستە دروست و وەستاوەکان دەبێت و ئەحکامی هەڵس و کەوتی خۆهەڵقورتێنەری (التصرف الفضولي) لەسەر جێبەجێ دەبێت، (سەیری مادە (١٣٥) کە لە یاسای شارستانی عێراقی ساڵی (١٩٥٠). بۆیە دەقێك پێشنیار دەکەین بۆ یاسادانەری عێراقی کەگرێبەستی چاکەکردن بەبەخشین (عقد التَفَضُل) بەشێوەیەك کەگرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەریش لەخۆ بگرێت، جا پێدانەکە بە بێ بەرامبەر بێت یا بە بەرامبەرێکی هیچ بێت، بەم شێوەیەکەهاتووە: (1- گرێبەستی چاکەکردن بەبەخشین گرێبەستێکە کە لایەنی خاوەندار هەڵدەستێت بە بەخشینی سوودی ماڵێکی بەلایەنی دووەم بەبێ بەرامبەر یا بە بەرامبەرێکی هیچ بوو، وەبە بێ ئەوەی خاوەنداریەتی بۆ بگوازرێتەوە. 2- ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتەی کەلەبڕگەی یەکەمدا هاتووەرووبەڕووی هەر بارودۆخێکی تر بۆوە، ئەوائەحکامەگشتیەکانی گرێبەستکردنی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت).

**3. باسی دووەم: ئەحکامەکانی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن**

بێگومان هەموو گرێبەستێت ماف وئەرك دروست دەکات لەسەر لایەنەکانی، بەتایبەتی ئەگەر گرێبەستەکەلەم جۆرانەبێت کەپابەندیەکەی دوولایەنەبێت، وەگرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەریش بەبێ بەرامبەر لەم جۆرەگرێبەستانەیەکەپابەندیەکەی دوولایەنەیەوەکو هەموو گرێبەستەکانی تر ، بۆیەئەم باسە دابەش دەکرین بەسەر دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەم تیشک ئەخەینە سەر بابەتی ماف و پابەندییەکانی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، لە تەوەرەی دووەمدا حوکمی یاسای گرێبەستەکە دەخەینە بەرباس.

**1.3 تەوەرەی یەکەم: ماف و پابەندییەکانی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن**

لە میانەی ئەم تەوەرەیە بابەتی ماف و پابەندییەکانی خاوەنی کتێبخانە یاساییەکان دەخەینەڕوو لە لقی یەکەم، وە لە لقی دووەم ماف و پابەندییەکانی توێژەر ڕووندەکەینەوە.

**1.1.3 لقی یەکەم: ماف و پابەندییەکانی خاوەن کتێبخانە یاساییەکان**

لە هەموو کاتێکدا گرێبەستە یاساییەکان، ماف و پابەندی لایەنەکانی گرێبەستەکەی لێدەکەوێتەوە، وەگرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆستن وەکو گرێبەستێکی ناونەندراو، وەوەکو هەموو گرێبەستە ئاساییەکانی تر ماف و پابەندییەکانی خاوەن کتێبخانەکە و توێژەر لە خۆ دەگرێت، بۆیەپێویست دەکات لەم لقەدا لە میانەی دوو خاڵدا باسی ماف و پابەندییەکانی خاوەنی کتێبخانەکان بکەین:

**1.1.1.3 مافەکانی خاوەنی کتێبخانە یاساییەکان**

**أ. وەرگرتنی بەرامبەرەکە:** هەر وەکو پێشتر باسمان کرد زۆربەی جار گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن بە بەرامبەرە بەڵام

بەرامبەرێکی هیچە، واتە تویژەر پابەندە بەپێدانی بڕی ڕێکەوتن لەسەرکراو بە کتێبفرۆشەکە، جا لەم بارودۆخەدا لایەنەکان دەکرێ ڕێکەوتن بکەن لەسەر ئەوەی کەوا بڕەکە دوای کۆتای هاتنی ماوەکە بدرێت ، یان ڕێکەوتن بکەن لەسەر ئەوەی کەوا لەگەڵ وەرگرتنی کتێبەکە بدرێت. وەشایەنی باسەئەگەر بەرامبەرەکە هیچ و کەم بایەخیش بێت تویژەر پابەندە بەدانی بڕەکە، هەروەها مەرج نیە بەرامبەرەکە تەنها پارە بێت ، دەکرێت هەر شتێکی تری خاوەن بەهایەکی ماددی بێت، هەر وەکو لە بنەما گشتیەکانی گرێبەستکردندا لە هەردوو ماددەی (٧٤ و ٧٥)ی یاسای شارستانی عێراقیدا دەقی لەسەر کردووە، (یاسای شارستانی عێراقی لە ماددەی (٧٤) دەقی کردووە لەسەر ئەوەی کەوا: (دەکرێ گرێبەست بکەوێتەوە لەسەر: ١- بە خاوەنداریەتی کردنی شتە گویزەرەوەکان و نە گویزەرەوەکان، جا کڕین و فرۆشتن بێت بە بەرامبەر یان دیاری بێت بێ بەرامبەر...... ٢- لەسەر سودی شتە سود بەخشەکان، جا کرێ بێت بە بەرامبەر یاخود خواستن بێت بێ بەرامبەر ٣- لەسەر کارێک یان خزمەت گوزارییەکی دیاریکراو) یاسادانەری عێراق بە گوێرەی ئەم دەقە وەکو بنەمایەکی گشتی شوینگەی گرێبەست دیاریدەکات، پاشان لە ماددەی (٧٥) بابەتەکە فراوانتر دەکات و بە جۆرێک کەوا دەکرێت هەر شتێک ببێتە شوێنگەی گرێبەست بە مەرجێک پێچەوانەی یاسا و سیستەم و ئادابی گشتی نەبێت.) هەروەها ماددەی (٢٩٩) لە یاسای قەرزی تورکی و ماددەی (٥٨٥) لە یاسای شارستانی قەتەری و ماددەی (٦٨٩) لە یاسای شارستانی یەمەنی، دەقیان کردووە لەسەر ئەوەی کەوا کرێ یان بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر دەکریت پارە بێت یاخود هەرشتێکی تر کەوا بەها و نرخێکی هەبێت و پێچەوانەی سیستەم و ئادابی گشتی نەبێت.

لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو لایەنەکان ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کەوا بەرامبەر هەبێت بەڵام بڕەکەیان دیارینەکرد، بەهەمان شێوە پێویستە بگەڕێینەوە سەر بنەما گشتیەکان، کە پێمان دەڵێت ئەگەر هاتوو لایەنەکان بڕەکەیان دیارینەکرد ئەوا بڕی هاوشێوە یان کرێی هاوشێوە پێویستە بدرێت، هەروەکو ماددەی (٧٣٨) لە یاسای شارستانی عێراقی و (٣٤٤) لە یاسای قەرزی تورکی و (٥٨٦) لە یاسای شارستانی قەتەری و (٦٩٦) لە یاسای شارستانی یەمەنی دەقیان لەسەر ئەو بابەتی دیاری کردنی بەرامبەر یاخود کرێ کردووە ، بۆیەبەپێوانەکردن لەسەر ئەم دەقانەی سەرەوە، ئەگەر هاتوو کتێبفرۆشەکە لەگەڵ تویژەر بڕەکەیان دیاری نەکرد یاخود نەیانتوانی بڕەکە بسەلمێنن یاخود ماوەی گرێبەستەکە کۆتای پێهات ، ئەوا سەیر دەکرێ ئایا کتێبفرۆشەکانی تر یان هەمان کتێبفرۆش هەمان جۆری کتێب بە چ بڕێک دەدەنە تویژەرەکان ، وە بە چ شێوەیەک باو و بڵاوە لە ناو پیشەوەرەکان، ئەوا تویژەر پابەند دەکرێت بە هەمان بڕی هاوشێوە.

وە بۆ پاڵپستی ئەو ووتەیەی سەرەوە دادگای پێداچونەوەی فیدرالی عێراق بڕیارێکی دەرکردووە (بڕیاری ژمارە (٢٨٩٢/ بەکرێدان/٢٠٠٦) لە ٢٠٠٦/١٢/٥، www.hjc.iq. ) کە تیایدا هاتووە (... دەرکەوتووە کە گرێبەستی بەکرێدان لە نێوان هەردوولادا، دادەندرێت کە کۆتیای هاتووە لە ٢٠٠٦/١/١، بۆیە گونجاو نیە بۆ بەکرێدەر/داواکار/ داوای کرێ بکات بۆ ماوەی دوای کۆتای هاتنی ڕێکەوتی گرێبەستەکە یاخود داوای دەرکردنی حوکم بکات بە چۆڵکردنی خانووەکە لەسەر ئەم بنچینەیە، بەڵکو مافی هەیە داوای کرێی هاوتا بکات بۆ ماوەی ٢٠٠٦/١/١ تاکو ٢٠٠٦/٥/٨، چونکە ڕێگە پێدراوە داواکاری کرێی ناونراو بگۆڕێت بۆ کرێی هاوتا، ئەگەر ڕازی نەبوو ئەوا دادگا دەبێت داواکاری کرێچی ڕەتبکاتەوە...)، وە دەکرێت ئەم حاڵەتە لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر پێوانە (قیاس) بکەین لەسەر نزیکترین حوکمەکانی کرێ کە گرێبەستی بەکرێدانە.

ب. **وەرگرتنەوەی کتێبەکە لە کاتی دیاریکراو:** یەکێک لە مافەکانی تری کتێبخانەکان بریتیە لە وەرگرتنەوەی کتێبەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆی، لەبەر ئەوەی گرێبەستی پێدانی کتێب بە تویژەر بەبێ فرۆشتن لەهەڵسوکوتوکانی بەڕێوەبردن ئاساییەکانەونابێتەهۆی گۆڕانکاری بنەڕەتی و تەنها لەسەر سود دەکەوێتەوە، تویژەر مافی هەڵسوکەوتکردنی بە کتێبەکە نیە، بۆیە هەر لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکە لایەنەکان ماوەیەک دیاری دەکەن بۆ گێرانەوەی کتێبەکە، هەر بۆیە کتێبفرۆش مافی داواکردنی کتێبەکەی هەیە دوای کۆتای هاتنی ماوەی دیاریکراو، وە شایانی باسە شوێنی گەڕاندنەوەی کتێبەکە هەمان ئەو شوێنە دەبێت کە لە کاتی

ئەنجامدانی گرێبەستەکە کتێبەکەی لێ وەرگرتووە ، ئەوەی کە باوەکتێبخانەکە شوێنی وەرگرتن و گێڕانەوەی کتێبەکە دەبێت، وە دەکرێت ڕێکەوتنی پێچەوانە هەبێت، ئەمەش بە گوێرەی بنەما گشتیەکانی گرێبەست کردن. (لە بارەی بنەما گشتیەکانی گرێبەست نە لە یاسای شارستانی عێراقی وە نە لە یاسا بەراوردکاریەکانی تر دەق نەکراوە لەسەر ئەم بابەتە بەڕوونی، بەڵام لەبەرئەوەی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن لەگەڵ گرێبەستی بەکرێدانی شتە گوێزراوەکان و خواستنی بەکارهێنەر زیاتر لە هەموو گرێبەستەکانی تر لێکچوونی هەیە، بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی پێوانەکردن بۆ دیاریکرنی ماف و پابەندییەکان بگەڕێنیەوە سەر بنەما گشتیەکانی ئەو گرێبەستانە، بۆ نمونە ماددەی (٨٦٠) لە یاسای شارستانی عێراقی خواستن بۆ کراوی پابەندکردووە بە گێڕانەوەی شتە خواستن لەسەرکراوەکە، بەم پێیە مافێک بۆ خواستن لێکراو دروست دەبێت کە بریتیە لە وەرگرتنەوەی شتە خواستن لەسەرکراوەکە لە کاتی خۆی. یان کاتێک سەیری ماددەی (٧٧١) لە یاسای شارستانی عێراقی دەکەین دەبینین کەوا کرێچی پابەند دەکات بە گێڕانەوەی شتەکە لە کاتی دیاریکراو وە لەو شوێنەی کەوا بەکرێدراوەکەی لێ وەرگرتووە، ئەگەر هاتوو ڕێکەوتن یان داب و نەریتێکی پێچەوانە نەبوو لەسەری.)

**2.1.1.3 پابەندییەکانی خاوەن کتێبخانە یاساییەکان:**

خاوەنی کتێبخانەکان وەکو لایەنی یەکەمی بەکرێدانی کتێب بە توێژەر چەند پابەندییەکیان لەسەرە کە گرینگترینیان ئەمانەن:

أ. **پابەندبوون بە پێدانی کتێبەکە بە توێژەر:** یەکێک لە پابەندییەکانی خاوەنی کتێبخانەکە یاخود کتێب فرۆشەکە بریتیە لە پێدانی کتێبە دیاریکراوەکە بە توێژەر یان بوار ڕەخساندن بە جۆرێک کەوا توێژەر بتوانێت سود لە کتێبەکە وەربگرێت، وە لەبەر ئەوەی گرێبەستەکە گرێبەستێکی عەینیە، ئەگەر کتێبخانەکە هەڵنەستا بە پێدانی کتێبەکە بە توێژەر ، ئاوا یەکێک لە کۆڵەگەکانی گرێبەستەکە نایەتەدی و گرێبەستەکە ئەنجام نادرێت، هەروەکو ماددەی (١٤٤) لە یاسای شارستانی عێراقی وەکو بنەمایەکی گشتی دەقی کردووە لەسەر ئەو پابەندییە، وە هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە سەر حوکمەکانی هەردوو گرێبەستی بەکرێدان و خواستن، دەبینین کەوا یاسای شارستانی عێراقی لە ماددەی (٧٤٢) و ماددەی (٨٤٧) زۆر بە ڕاشکاوی دەقیان لەسەر پابەندییەکە کردووە.

ب. **پابەندبوون بە ڕێگری کردن لە دروست بوونی بەربەست بۆ توێژەر لە سود وەرگرتن لە کتێبەکە:** لە سەرەتادا کاتێک پێناسەی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتنمان کرد ئەوەمان باسکرد کە کتێبخانەکە پابەندە بە بوار ڕەخساندن بۆ توێژەر کە بتوانێ سود لە کتێبەکە وەربگرێت، واتە پێدانی کتێب بە توێژەر لە لایەن کتێبخانەکە بەس نیە بۆ تەواوبوونی پابەندییەکانی کتێبخانەکە، بەڵکو بە هەمان شێوە پابەندە بە ڕێگری لە دروست بوونی هەموو جۆرە بەربەستێک بۆ توێژەر کە پەیوەندی بە کتێبەکە یان کتێبخانەکە هەیە ، بە جۆرێک کە توێژەر نەتوانێت سود لە کتێبەکە وەربگرێت، لەبەر ئەوەی هەر وەکو لە تایبەتمەندییەکانی گرێبەستەکە باسمانکرد، گرێبەستەکە لەسەر سود دەکەوێتەوە.

**2.1.3 لقی دووەم: ماف و پابەندییەکانی توێژەر**

توێژەر بە هەمان شێوەی خاوەنی کتێبخانە کەپێشتر باسمان کردوە، توێژەریش وەکو لایەنی دووەمی گرێبەستەکە چەند مافێکی هەیە، هەروەها لە بەرامبەردا چەند پابەندییەکیشی لەئەستۆ دەبێت ، لە خوارەوە بە وەردی ڕوونیان دەخەینەوە.

**1.2.1.3 مافەکانی توێژەر**

توێژەر وەکو لایەنی دووەمی گرێبەستی پێدانی کتێب لەتوێژەر بەبێ فرۆشتنی کۆمەڵێك مافی هەیە، گرنگتریان ئەمانەی خوارەوەن:

أ. **مافی توێژەر لە وەرگرتنی کتێبەکە لە کاتی دیاریکراو:** هەردوو لایەنی گرێبەستەکە لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەست کاتێک دیاریدەکەن بۆ وەرگرتنی کتێبەکە، لە کاتی ڕێکەوتن لەسەرکراو، وە کتێبخانەکە پابەندە بە پێدانی کتێبەکە بە توێژەر، بەم جۆرە مافێک بۆ توێژەر دروست دەبێت کە بریتیە لە مافی وەرگرتنی کتێبەکە لە کاتی دیاریکراو، هەروەها کاتی پێدانی کتێبەکە بە توێژەر بریتیە لە کاتی وەرگرتنی بەرامبەرەکە ئەگەر گرێبەستەکە بە بەرامبەر بوو، ئەمەش بە پێی بنەما گشتیەکانی گرێبەست، بۆ نمونە ماددەی (536) لە بارەی پێدانی فرۆشراو لە

گرێبەستی کڕین و فرۆشتن و ماددەی (724) لە گرێبەستی بە کرێدان سەبارەت بەپێدانی بەکرێگیراو بەکرێچی لە یاسای شارستانی عێراقی.

ب. **مافی توێژەر لە سود وەرگرتن لە کتێبەکە:** لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا خاوەن کتێبخانەکە تەنها پابەند نیە بە پێدانی کتێبەکە بە توێژەر، هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێدا، کتێبخانەکە پێویستە بوار بڕەخسێنێت بە جۆرێک کە توێژەر بتوانێت سودی پێویست لە کتێبەکە وەربگرێت، وە لە بەرامبەر دەستەبەربوونی ئەم مافە بۆ توێژەر کتێبخانەکە پابەندە بە ڕێگری کردن لە دروست بوونی هەر جۆرە بەربەستێک کەوا ڕێگری بکات لەوەی کە توێژەر بتوانێت سود لە کتێبەکە وەربگرێت ، بۆیەیاسای شارستانی عێراقی لە ماددەی (٧٤٣) دەقی کردووە لەسەر پێدانی شتە بەکرێدراوەکە بەم شێوەیە: پێدانی شتە بە کرێدراوەکە بە مۆڵەتدانی خاوەنی ماڵەکە دەبێت بە کرێچی وە بوار ڕەخساندنیەتی بە جۆرێک کرێچی بتوانێت سود لە بەکرێدراوەکە وەربگرێت بەبێ هیچ ڕێگریەک، وە بە کرێدراوەکە لە ژێر دەستی کرێچی دەمێنێتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام تاکو کۆتای هاتنی بەکرێدانەکە. لێرەدا دەتوانین سود لەم دەقە وەربگرین وە هەمان تێگەیشتن بدەینە هەڵسوکەوتی پێدانی کتێب بە توێژەر، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین پێدانی کتێب بە مۆڵەتدانی خاوەنی کتێبەکە دەبێت بە توێژەر، هەروەها بوار ڕەخساندنیەتی کە توێژەر بتوانێت سودی پێویست لە کتێبەکە وەربگرێت بەبێ هیج ڕێگریەک تا کاتی کۆتای هاتنی ماوە دیاریکراوەکە.

**2.2.1.3 پابەندییەکانی توێژەر**

هەر وەکو چۆن توێژەر مافی هەیە، بەهەمان شێوەپاپەندیشی دەکەوێتەئەستۆ بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی کەئەنجامی دەدات لەگەڵ خاوەن کتێبخانەکان ، کەگرنکتریان ئەمانەی خوارەوەن.

أ. **پابەندبوونی توێژەر بەپێدانی بەرامبەرەکە:** یەکێک لە پابەندییەکانی توێژەر بەرامبەر بە کتێبخانەکە بریتیە لەپێدانی ئەو بەرامبەرەی کە لەسەری ڕێکەوتوون ، ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە بە بەرامبەر بوو، هەر وەکو ماددەی (١٤٤) لە یاسای شارستانی عێراقیدا هاتووە لە گرێبەستی بە بەرامبەر کە لەسەر سود دەکەونەوە، سودمەند پابەندە بە پێدانی بڕی دیاریکراو بە خاوەنی شتەکە، هەروەها ماددەی (٢٠٧) لە یاسای قەرزی تورکی و ماددەی (٢٠٩) لە یاسای شارستانی یەمەنی بە هەمان شێوەی یاسای شارستانی عێراقی دەقیان لەسەر ئەو پابەندیە کردووە.

ب. **پابەندبوونی توێژەر بە پاراستنی کتێبەکە و گێڕانەوەی لە کاتی خۆی:** یەکێکی تر لە پابەندییەکانی توێژەر بەرامبەر بە کتێبخانەکە بریتیە لە پارێزگاریکردن لە کتێبەکە بە درێژای ماوەی ڕێکەوتن لەسەرکراو، هەروەها گێڕانەوەی کتێبەکە لە کاتی خۆی بەو شێوەی کە وەریگرتووە. لەبەرئەوەی گرێبەستەکە لەسەر سود دەکەوێتەوە نەک لەسەر خاوەندارێتی بۆیە توێژەر ئەو دوو پابەندییەی بۆ دروست دەبێت" لێرەدا کە سەیری پابەندییەکە دەکەین دەبینین کەوا ئەو پابەندییە لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر هیچ جیاوازیەکەی نیە لەگەڵ پابەندی پاراستن و گێڕانەوەی شتەکە لە هەردوو گرێبەستی بەکرێدانی شتە گوێزراوەکان و گرێبەستی خواستنی شتە بەکارهێنەرەکان، بۆیە پێمان وایە بە پێوانەکردن دەکرێت هەمان ئەحکامی ئەو دوو گرێبەستە لەسەر ئەم پابەندییەش جێبەجێ دەکرێت ، وە بە تایبەت ماددەی (٨٥٧) لە یاسای شارستانی عێراقی وە هەروەها هەردوو ماددەی (٧٧٢ و ٧٧٣) سەبارەت بە گرێبەستی بە کرێدان.

ج. **پابەندی توێژەر بە بەکارهێنانی کتێبەکە بۆ ئەو مەبەستەی کە وەریگرتووە:** کاتێک توێژەر گرێبەستەکە ئەنجام دەدات مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە لە وەرگرتنی کتێبەکە، بۆیە پابەندە بە بەکارهێنانی کتێبەکە بۆ مەبەستە دیاریکراوەکە، بۆ نموونە مەبەستی لە وەرگرتنی کتێبەکە بریتیە لە خوێندەوەی، ناکرێت بە کرێی بداتەوە. وە بە هەمان شێوە بۆ ئەم مەبەستە لەبەر ئەوەی گریبەستی بابەتی توێژینەوە لە گرێبەستە ڕێکنەخراوەکانە لە یاسای شارستانی عێراقی، بۆیە دەکرێ لە ڕێگەی پێوانەکردن سود لە ئەحکامەکانی یەکێک لە نزیکترین گرێبەستەکان وەربگرین کە گرێبەستی خواستنە، هەر وەکو لە ماددەی (٨٥١) لە یاسای شارستانی عێراقی دەقی لەسەرکردووە، بە جۆرێک ئەگەر هاتوو خواستنکار خواستن بۆکراوی کۆت وبەند کردن بە کات و شوێن و جۆری بەکارهێنان ئەوا ناکرێت خواستن بۆ کراو لێی لابدات بەڵکو پێویستە وەکو خۆی بەکاریبێنێت. وە هەروەها ماددەی (٧٦٢) لە هەمان یاسا سەبارەت بە گرێبەستی بەکرێدان.

دوای خستنە ڕووی ماف و پابەندییەکان بۆ هەردوو لایەنی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، شایانی باسە لەبەرئەوەی گرێبەستەکە پابەندییە بۆ هەردوولا، ئەگەر هاتوو یەکێک لە لایەنەکان پابەندییەکانی جێبەجێ نەکرد ئەوا لایەنەکەی تر دەتوانێت گوفتار بکات بە جێبەجێنەکردن بکات و لایەنی بەرامبەر بەرپرسیار بکات لە بەرامبەر پابەندنەبوون بە پابەندییەکان. (الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ٥٩)

**2.3 تەوەرەی دووەم: حوکمی یاسایی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن**

لەم تەوەرەیەدا هەوڵدەدەین بە وردی تیشک بخەینە سەر حوکمی یاسایی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن لە میانەی دوو لقدا، لە لقی یەکەم باسی گرێبەستەکە دەکەین وەکو گرێبەستێکی دروست و وەستاو، لە لقی دووەمدا سەرنج ئەخەینە سەر گرێبەستەکە وەکو گرێبەستێکی پوچەڵی نا دروست.

**1.2.3 لقی یەکەم: گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گرێبەستێکی دروستی وەستاوە**

گرێبەستی دروست ئەو گرێبەستەیە کەوا هەموو کۆڵەکە و ڕەگەزەکانی تەواون بە جۆرێک وای لێدەکات کە دروست بێت لە ڕووی خودی و وەسفەوە، ئەمەش کاتێ دەبێت کەوا کۆمەڵێک کاری تێدا بەدی بکرێت، وەکو ئەوەی هەردوو لایەنی گرێبەستەکە شایستەی یاسایی تەواویان هەبێت، هەروەها گرێبەستەکە شوێنگەیەکی هەبێت و شوێنگەکە مەرجە پێویستەکانی تێدابێت، لە هەمان کاتدا پێویستە هۆکارێکی ڕەواشی هەبێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەستەکە. (البياتي، 2017، ص147) وە لەڕووی وەسفەوە پێویستە گرێبەستەکە بێ کەم و کورتی و خەوش بێت بە جۆرێک کە نابێت عەیبێک لە عەیبەکانی ویستی تێدابێت، نابێت ئەنجامدانی ئەو پابەندییانەی کەوا گرێبەستەکە دروستیان دەکات ئەستەم و مەحاڵ بن، (الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ١١٤) بۆیەماددەی (١٣٣) لە یاسای شارستانی عێراقی بەم شێوەیە دەقی کردووە لەسەر گرێبەستی دروست (گرێبەستی دروست ئەو گرێبەستەیە کەوا دروستە لە ڕووی خودی و وەسفەوە، بە جۆرێک کەوا لە لایەن کەسانێکی خاوەن شایستە دەرچووە و گرێبەستەکە شوێنگە و هۆکارێکی دروستی هەیە، وە لە ڕووی وەسفەوە هیچ جۆرە کەم و کورتییەکی تێدانیە)،( لە بنەڕەتدا ئەم پێناسەیە دەگەڕێتەوە بۆ فقهی ئیسلامی، ماددەی (٣١١) لە (مرشد الحيران) و ماددەی (١٠٨) لە (مجلة الاحكام العدلية)) وە هەروەها کاتێک سەیری بەشی یەکەمی یاسای شارستانی تورکی ژمارە(4721) ساڵی 2001 دەکەین تێبینی دەکەین کەلە ماددەکانی (١-٤٨) کە تایبەتە بە حوکمە گشتیەکانی پەیوەست بە گرێبەست، دەبینین هەمان هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لە خۆ دەگرێت، هەروەها یاسای شارستانی قەتەری لە ماددەی (٦٤) و یاسای شارستانی یەمەنی لە ماددەی (١٤٠) بە هەمان شێوە هەمان هەڵوێستی عێراقیان هەیە. بەم جۆرە بۆمان ڕووندەبێتەوە بۆ ئەوەی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بە بێ فرۆشتن دروست بێت پێویستە:

أ. هەردوو لایەنی گرێبەستەکە شایستەی یاسای تەواویان هەبێت، واتە هەم خاوەنی کتێبەکە هەم توێژەر پێویستە شایستەی یاساییان هەبێت ، بە پێچەوانەوە ئەگەر هەر یەک لە لایەنەکانی گرێبەستەکە شایستەی یاساییان نەبێت ئەوا گرێبەستەکە پوچەڵ دەبێت ، یاخود ئەگەر کەم و کورتی شایستەی جیاکاری هەبوو لەکەسایەتیاندا ئەوا گرێبەستەکە وەستاو دەبێت لەسەر مۆڵەتی سەرپەرشتیار (وەلی)، (الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ١١٣) لەبەر ئەوەی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن یەکێکە لەو هەڵسوکەوتانەی کەوا لە نێوان سود و زیان دەسوڕێتەوە بە تایبەت ئەگەر گرێبەستەکە بێ بەرامبەربوو.

ب. پێویستە گرێبەستەکە شوێنگەیەکی هەبێت وە شوێنگەکە لەو جۆرە شتانە بێت کە دەتواندرێت مامەڵەی پێ بکرێت لە ڕووی سروشتی خۆیەوە، وە هەروەها بتواندرێت کاریگەری گرێبەستەکەی لەسەر بکەوێتەوە. لەم ڕووەوە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن هیچ کێشەیەکی نیە لەبەر ئەوەی کتێب یەکێکە لەو شتانەی کەوا گونجاوە بۆ ئەوەی ببێت بە شوێنگە و کاریگەری گرێبەستی لەسەر بکەوێتەوە.

ج. پێویستە هەر یەک لە خاوەنی کتێبەکە و توێژەر هۆکارێکی گونجاو و ڕەوایان هەبێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەستەکە، (سەیری ماددەی (١٣٦) بکە لە یاسای شارستانی عێراقی ساڵی ١٩٥٠) بە پێچەوانەوە گرێبەستەکە پوچەڵ دەبێت. (أبو سعود، 2003، لاپەرە 155-156) واتە ئەو هۆکار و مەبەستەی کەوا لایەنەکان ئەیانەوی پێی بگەن یاخود بە دەستی بێنن لە بەرامبەر هەڵگرتنی پابەندییەکان پێویستە ڕەوا بێت ،

وە لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن هۆکاری پابەندبوونی کتێبخانەکە بە پێدانی کتێب بە توێژەر بریتیە لە پابەندکردنی توێژەر بە پێدانی برە ماڵێکی دیاریکراو، وە هۆکاری پابەندبوونی توێژەر بە پێدانی برە ماڵێک بریتیە لە پابەندکردنی کتێبخانەکە بە پێدانی کتێبەکە، ئەوە ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە بە بەرامبەربوو، بەڵام ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە بێ بەرامبەر بوو ئەوا هۆکاری پابەندبوونی کتێبخانەکان بە پابەندییەکان بریتیە لە نیەتی بەخشین و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەک بە توێژەر، هۆکاری توێژەریش بۆ ئەنجامدانی گرێبەستەکە بریتیە لە وەرگرتنی کتێبەکە ، کەئەمەش بەگرێبەستی چاککەکردن بەبەخشینی سودە(عقد التفَضُّل)، کەبەخشین بەسوود دەکرێت بەبێ گواستنەوەی خاوەندارێتەکەی بۆ توێژەر ، کەپێشتر ئاماژەمان پێداوە.

د. پێویستە گرێبەستەکە لە رووی وەسفەوە بێ کەم و کورتی بێت، نابێت هیچ خەوشێك لەخەوشەکانی ویستی تێدابێت وەکو زۆرلێکردن (الاكراه) وەهەڵە(غلط) و مالخوران ولەخشتەبردن (الغبن مع التغرير)، وە نابێت شوێنگەی گرێبەستەکە نادیار و ئەستەم بێت یان پێچەوانەی سیستەم و ئادابی گشتی بێت، بە پێچەوانەوە گرێبەستەکە پوچەڵ دەبێت. (الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ١١٤)

دوای ناساندنی گرێبەستی دروست و خستنەڕووی مەرجە پێویستەکان بۆ دروست بوونی گرێبەست و ئەنجامدانی گونجاندن لە نێوان گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن و مەرجەکانی گرێبەستی دروست ، ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە کەوا ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە هەموو کۆڵەگە و مەرجە پێویستەکانی تێدابوو ، وە عەیبەکانی ڕەزامەندی تێدا بەدینەکرا ، وە هۆکاری ئەنجامدانی گرێبەستەکە ڕەوا بوو، ئەوا گرێبەستێکی دروستە و پوچەڵ نیە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، کاتێک گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن لە رووی کۆڵەگە و مەرجەوە تەواو بێت و حوکمی گرێبەستێکی دروستی هەبێت ئایا گرێبەستەکە گرێبەستێکی دروستی وەستاوە یاخود گرێبەستێکی دروستی جێبەجێکراوە؟ (یاسای شارستانی یەمەنی بە جیاواز لە یاسا بەراوردکاریەکان و زۆربەی یاسا شارستانیەکانی وڵاتانی عەرەبی، لە ماددەی (١٣٩) زۆر بە وردی دابەشکاری بۆ جۆری گرێبەستەکان کردووە لە رووی ڕێکخستنی زنجیرەی کاریگەریانەوە، هەروەها ماددەی (١٤٠) تاکو ماددەی (١٤٥)ی تەرخانکردووە بۆ پێناسەکردنی جۆرەکانی گرێبەست، کە ئەمەش کەمتر دەبیندرێت لە یاسا شارستانیەکانی تر.)

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە وا پێویست دەکات بە وردی ڕوونکردنەوە بدەین کەوا چ کاتێک گرێبەست دەبێتە گرێبەستێکی دروستی جێبەجێکراو وە چ کاتێک دەبێتە گرێبەستێکی دروستی وەستاو، دواتریش گونجاندنی بۆ دەکەین لەگەڵ گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن.

بە شێوەیەکی گشتی گرێبەستی دروستی جیبەجێکراو ئەو گرێبەستەیە کەوا لە لایەن کەسێکەوە کە ویلایەتی تەواوی هەیە بەسەر هەڵسوکەوتەکە و شوێنگەی گرێبەستەکە.(الحكيم، ٢٠٠٧، لاپەرە ٢٩٥) ئەمەش یان ئەوەتە گرێبەستێکی دروستی پابەندە (عقد صحيح لازم)، بەجۆرێک کە هیچ کام لە لایەنەکان ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەڵوەشاندنەوەی بۆ بکەن، وەکو گرێبەستی کڕین و فرۆشتن، بەکرێدان و ئاشتەوای، لێرەدا هێزی پابەندبوون لە لوتکەدایە، (الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ١١٩) یانیش ئەوەتا گرێبەستەکە گرێبەستێکی دروستی نا پێویستە، بە جۆرێک کەوا هەریەک لە لایەنەکانی گرێبەستەکە یان هەردووکیان دەتوانن گرێبەستەکە هەڵبوەشێننەوە،(الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ١٨٠) ئەمەش لە فقهی ئیسلامی لای حەنەفیەکان پێی دەوترێ گرێبەستی دروستە، لەبەر بوونی مافی هەڵوەشاندنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە گرێبەستیەکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی گرێبەستەکە یان هەڵبژاردەیەک لە مافەکانی هەڵبژاردن وەکو گرێبەستی بریکارنامە، خواستن، یانیش پەیوەندی بە یەکێك لەحاڵەتەکانی مافی هەڵبژاردن (الخيارات) هەیەوەکو هەڵبژاردەی بینین و مەرج و دیاریکردن. (الذنون ، 1976، لاپەرە 137)

وە لەبارەی گرێبەستی دروستی وەستاو هەروەکو لە پێشتر باسمان کرد ئەو گرێبەستەیە کەوا لایەنێک لە لایەنەکانی گرێبەست یان هەردوو لایەنی گرێبەستەکە خاوەندارێتی و دەسەڵاتیان نیە لەسەر جۆری گرێبەستەکە یان لەسەر شوێنگەی گرێبەستەکە، (الحكيم، ٢٠٠٧، لاپەرە ٣٠٥) لێرەدا گرێبەستەکە دروست دەبێت بەڵام ناکرێت ناچارکردن لەسەر جێبەجێکردنی تێدابکرێت ، بەڵکو جێبەجێکردن دوای وەرگرتنی مۆڵەت دەبێت لە لایەن ئەو کەسەی کە خاوەندارێتی و ویلایەتی هەیە لەسەر شوێنگەی گرێبەستەکە یان

جۆری هەڵسوکەوتەکە. (حمادي، 2018، لاپەرە 285) لێرەدا چەند بارودۆخێکمان هەیە کەوا گرێبەستی دروست وەستاو دەکات کە بریتین لە:

أ. **وەستانی گرێبەست بە هۆی کەم و کورتی لە شایستەی یاسای:** ئەو کەسەی کەوا شایستەی یاسای نیە بەڵکو کەسێکی جیاکاری ناکامە ئەگەر هاتوو هەڵسوکەوتێکی ئەنجامدا کەوا دەسوارپەوە لە نێوان سود و زیان، جێبەجێکردنی هەڵسوکەوتەکە وەستاو دەبێت لەسەر مۆڵەتی سەرپەرشتیارەکەی کەوا دەتوانێت مۆڵەت بدات، جا کەسەکە سەرپەرشتیار(الولي) بێت یان راسپێردراو(الوصي) یان سەرکار(القيم)، (ماددەی (٩٧) لە یاسای شارستانی عێراقی لەسەر ئەم بابەتە بەم شێوەیە دەقی کردووە (... بەڵام ئەگەر هەڵسوکەوتەکە لە نێوان سود و زیان دەسورایەوە ئەوا هەڵسو کەوتەکە وەستاو دەبێت لەسەر مۆڵەتی سەرپەرشتیار ...) ) لێرەدا کاتێک سەیری گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن دەکەین  هەر وەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێدا، گرێبەستەکە ئەگەر هاتوو بێ بەرامبەر بوو ئەوا سەبارەت بەکتێب فرۆشەکە بە تەواوی زیانە و هەڵسوکەوتەکە وپوچەڵ دەبێت ناوەستێتە سەر مۆڵەتی سەرپەرشتیار ئەگەر هاتوو کتێب فرۆش شایستەی یاسای نەبوو، بە نسبەت توێژەر هەڵسوکەوتەکە بە تەواوی سودە و دروستەهەرچەندە ئەگەر مۆڵەت دانیشی نەبێت لە لایەن سەرپەرشتیار. بەڵام ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە بە بەرامبەر بوو وە هەروەها لایەنەکانیش شایستەی تەواویان نەبوو، لەم بارودۆخەدا گرێبەستەکە دروست و وەستاو دەبێت سەبارەت بەتوێژەر ، چونکەهەڵس و کەوتەکەلەنێوان زیان وقازانجە؛ بەڵام دروست و جێ بەجێکراو دەبێت سەبارەت بەخاوەن کتێبخانەکە، چونکەهەڵس وکەوتەکەبەتەواوەتی قازانج بەخشە بۆی.

ب. **وەستانی گرێبەست بە هۆی پیادەکردنی دەسەڵاتی کەسێکی تر لەسەر خاوەداریەتی (هەڵسوکەوتی خۆتێهەڵقورتێن):** ئەمەش بارودۆخێکە لەو بارودۆخانەی کەوا دەبێتە هۆی وەستانی جێبەجێکردن لە گرێبەستێکی دروست، لەبەرئەوەی هەڵسوکەوتەکە پەیوەستە بە مافی کەسێکی تر، جا جیاوازی نیە مافەکە لە بنەڕەتدا هی خاوەن مافەکە بێت یاخود بە گرێبەست بەدەستی هێنابێت، (خريسات، 2014، لاپەرە ٤٦)

هەروەها جیاوازی نی یەمافەکە مافێکی مادی بێت یاخود واتایی، ئەوەی گرنگە لێرە بزاندرێت ئەوەیە ، کەکەسێکی خۆتێهەڵقورتێن هەڵسوکەوتی بە مافی کەسێکی تر کردووە بە بێ ئەوەی بریکارنامە یاخود جێگرایەتی هەبێت لە لایەن خاوەن مافەکە،(الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ٣٠٦) وە لەبارەی حوکمی هەڵسوکەوتەکە لە برگەی (١) لە ماددەی (١٣٥) یاسای شارستانی عێراقی بەم شێوەیە دەقی لەسەر کردووە کەوا هەڵسوکەوتەکە وەستاو دەبێت لەسەر مۆڵەتی خاوەنی مافەکە، جا ئەگەر مۆڵەتی دا ئەوا وا دادەندرێت پێشتر بریکارنامەی پێداوە، وەپاڵپشت بەبنەمای (مۆڵەتی دواتر وەکو بریکارنامەی پێشترە).

بەڵام سەبارەت بەهەڵوێستی یاسا دانەری تورکی لەیاسای قەرزدا، شایەنی باسەئەم یاسایە بە شێوەیەکی جیاواز لە یاسای شارستانی عێراقی ئەم بابەتەی رێکخستووە، بابەتی گرێبەستی وەستاو یان هەڵسوکەوتی خۆتێهەڵقورتێنی لە ژێر ناوی (ئیش کردن بێ بریکارنامە) لە بەشی دەیەمی یاسای قەرزی تورکی لە ماددەی (٥٢٦ – ٥٣١) رێکخستووە، بەڵام وەکو یاسا شارستانیەکانی تر دەقی لەسەر مۆڵەت پێدانی سەرپەرشتیاری خاوەن مافەکە نەکردووە، بەڵکو زیاتر جەختی لە بابەتی بەرپرسیاریێتی لە ئەنجامدانی هەڵسوکەوتەکە وقەرەبووکردنەوەی زیانەکان کردووە، بە جۆرێک لە ماددەی (٥٢٦) دەقی لەسەر ئەوە کردووە کەئەگەر کەسێک بەبێ بریکارنامە ئیشێکی بە ناوی کەسیکی تر کرد ئەوا پێویستە بە شێوەیەک ئەنجامی بدات کەوا گونجاو بێت لەگەڵ سودی خاوەنی ئیشەکە، سەبارەت بە بابەتی بەرپرسیاریەتی لە ماددەی (٥٢٧) دەقی کردووە لەسەر ئەوەی کەوا ئەو کەسەی کاریکی ئەنجام داوەبێ بریکارنامە بەرپرسیارە لە هەموو ئەو کەمتەرخەمی و زیانانەی کەوا دەکەونەوە ؛ بەڵام بەرپرسیار نابێت لەو بارودۆخەی ئەگەر هاتوو کارەکەشی  نەکردابا زیانەکە هەر دروست دەبوو، وەهەروەها هەریەك لە ماددەکانی (٥٢٩ و ٥٣٠) دەقیان لەسەر ماف و بەرپرسیارەکانی خاوەن کارەکەکردووە، بە جۆرێک لە ماددەی (٥٢٩) دەقی لەسەر ئەوە کردووە کەئەگەر هاتوو ئەو بریکارەی کەوا کارەکەی ئەنجام داوە، بۆ سود و بەرژەوەندی خاوەن کارەکەی کردبوو ئەوا لەم بارودۆخەدا خاوەنی کارەکەپێویستە هەموو تێچووەکانی بۆ بگەرێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر دەرئەنجامیشی نەبوو بە پێچەوانەوە ئەچێتە چوارچێوەی دەوڵەمەنبوونی بێ هۆکار ؛ وەهەروەها لە ماددەی (٥٣٠) دەقی لەسەر ئەوە کردووە ئەگەر هاتوو

بریكارەكەهەڵس و كەوتەكەی بێ بریكارنامە بۆ بەرژەوەندی خۆی كرد لەو باردوودۆخەدا هەموو ئەو سود و دەستكەوتانەی كە دێنەدی لە ئەنجامی هەڵس وكەوتە بێ بریكارنامەكە پێویستە بۆ خاوەنی ئیشەكە بگەرێندرێنەوە، شایەنی باسەهەموو ئەو حوكم و ماددانەی سەرەوەكەوا باسمان كرد بۆ ئەو بارودۆخەیە كەوا خاوەنی ئیشەكە ڕەزامەندی نەبوو لەسەر ئەنجامدانی كارەكە، لەبەر ئەوەی ئەگەر تێگەیشتنی پێچەوانە لە ماددەی (٥٣١) وەربگرین كە دەقی كردووە لەسەر ئەوەی ئەگەر خاوەنی ئیشەكە ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر هەڵس و كەوتەكە ئەوا حوكمەكانی بریكارنامەی لەسەر جێبەجێ دەبێت، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە كەوا ئەگەر ڕەزامەندی نەدا لەسەر هەڵس و كەوتەكە ئەوا حوكمەكانی مادده (٥٢٦ – ٥٣٠) جێبەجێ دەكرێن، ناتوانین بڵێین هەڵس وكەوتەكە پوچەڵ دەبێتەوە لەبەر ئەوەی هیچ دەقێكی وا لە یاسای قەرزی توركی بەدی ناكرێت، (لەبڕیارێكی دادگای باڵای توركیدا هاتووەكە(.... لەبەر ئەوەی دانەوەی قەرزی كەسێكی تر، بە هەڵس وكەوتێكی دروستی بێ بریكارنامە دادەندرێت، بۆیە (داواكار) ئەو كەسەی قەرزەكەی داوەتەوە دەتوانێت داوای قەرزە لە قەرزدار (داوالێكراو) بكات....) Yargıtay Kararı – 3. HD., E. 2008/19756 K. 2008/22168 T. 25.12.2008) وەبە هەمان شێوەی یاسای قەرزی توركی یاسای شارستانی قەتەریش لە ماددەی (٢٢٩-٢٣٩) ئەحكامەكانی هەڵسوكەوتی خۆتێهەڵقورتێنی ڕێكخستووە، بەڵام دەقی لەسەر ئەوە نەكردووە بە ڕاشكاوی كەوا ئەگەر هاتوو خاوەنی ماڵەكە یان مافەكە مۆڵەتی بە هەڵسوكەوتەكە نەدا ئەوا هەڵوەشێنێتەوە، بەڵكو زیاتر سەرنجی خستۆتە سەر لایەنی پابەندییەكان و بەرپرسیارێتی لەگەڵ قەرەبوو، وە هەروەها دەقیشی لەسەر ئەوە كردووە ئەگەر خاوەنی مافەكە دانی نا بە هەڵسوكەوتەكە ئەوا ڕێساكانی بریكارنامەی لەسەر جێبەجێ دەكرێت هەر وەكو لەمادده(230) دا دەقی كردوەكە(ئەگەر خاوەن كار دانی نا بەكارەكانی كەسی خۆتێهەڵقورێن ئەوا ڕێساكانی بریكارنامەی لەسەر پیادەدەكرێت) ؛ بەڵام ئەوەی كە لەیاسای شارستانی عێراقی ڕێكخراوە بەشێوەیەكی بەرفراوانترە كەسێ هەڵبژاردەی خستۆتەبەردەم خاوەنداری ڕەسەن كەمۆڵەتدان و هەڵوەشاندنەوەو بێدەنگیە، كەلەماوەی سێ مانگ دەتوانێت یەكێكیان بەكار بهێنێت، هەر وەكو هەردوو مادە(135 و 136) لەیاسای شارستانی دەقی لەسەر كردوە.

بەڵام یاسای شارستانی یەمەنی هەمان هەڵوێستی یاسای شارستانی عێراقی هەیە، زۆر بە ڕاشكاوی لە ماددەی (١٧٠) دەقی كردووە لەسەر ئەوەی كەوا هەڵسوكەوتی خۆتێهەڵقورتێن وەستاو دەبێت لەسەر مۆڵەتی خاوەنی ماڵەكە یان خاوەنی مافەكە.

بۆیەپاش ئەم ڕوون كردنەوەی سەرەوە، ئێمە پێمان وایە كەوا یاسادانەری عێراقی و یەمەنی زیاتر پێكاویانە لە دیاریكردنی جۆری ئەو هەڵس و كەوتانەی كەوا لە لایەن كەسێكی خۆتێهەڵقورتێن ئەنجام دەرێت، لەبەر ئەوەی هەڵویستی یاسادانەری توركی ڕوون نیە لە بارەی دیاریكردنی جۆری هەڵس و كەوتەكە كەوا ئایا جێبەجێكراو دەبێت یاخود وەستاو واتە بە دەقێكی ڕاشكاو دەقی نەكردووە لەسەر دیاریكردنی حوكی هەڵس و كەوتەكە، لەبارەی هەڵوێستی یاسادانەری قەتەری وەكو ئاماژەمان پێیدا لە پێشتر، كەزیاتر تیشكی خستۆتە سەر لایەنی پابەندییەكان و قەرەبوو ، بەڵام لە هەمان كاتدا دەقی كردووە لەسەر ئەوەی ئەگەر خاوەنی مافەكە دانی نا بە هەڵس وكەوتەكە ئەوا ڕێساكانی بریكارنامەی لەسەر جێبەجێ دەكرێت.

دوای ئەوەی زانیمان گرێبەستی دروست چ كاتێك وەستاو دەبێت وە چ كاتێك جێبەجێكراو دەبێت، كاتی ئەوەیە سەرنج بدەین كەوا ئایا گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گرێبەستێكی وەستاوە یان جێبەجێكراو ؟ لێرەدا ئێمە پێمان وایە گرێبەستی پێدانی كتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن، بەو شێوەیەی كە لە بازاڕەكاندا دەبیندرێت و كتێبخانەكان ئەنجامی دەدەن، وە هەروەها توێژەران ڕاهاتوون لەسەر بەستانی گرێبەستەكە، گرێبەستێكی دروستی وەستاوە، دروستە لەبەر ئەوەی هەروەكو لە پێشتر باسمان كرد هەموو كۆڵەگە و مەرجەكانی گرێبەستی تێدایە، وەستاوە لەبەر ئەوەی خاوەن كتێبخانەكە ویلایەتی نیە بەسەر گرێبەستەكە لەبەرئەوەی موڵكی ئەو نیە، بەڵكو خاوەندارێتیەكەی دەگەرێتەوە بۆ نووسەرەكەی كە لە كتێبخانەكە دایناوە بەمەبەستی فرۆشتنی نەك پێدانی بە كەسێكی تر بەرامبەر نرخێكی دیاریكراوی هیچ، یان بێ بەرامبەر، لێرەدا كتێبخانەكە هەڵسوكەوتێكی خۆتێهەڵقورتێنی ئەنجامداوە لەبەرئەوەی هەڵسوكەوتەكە بریتیە لە هەڵسوكەوت كردن بە مافێكی واتایی كەسیكی تر، بۆیە گرێبەستەكە وەستاو دەبێت لەسەر مۆڵەتی خاوەنی كتێبەكە، ئەگەر هاتوو خاوەنی كتێبەكە مۆڵەتی دا ئەوا گرێبەستەكە دەبێتە گرێبەستێكی دروستی جێبەجێكراو. ئەگەر مۆڵەتی نەدا ئەوا گرێبەستەكە

هەڵدەوەشێتەوە بەلام ئەسەری رجعی نابێت لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە بریتییە لە سودوەرگرتن وە سودبینینیش ناگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی پێشوو چونکە سودەکە وەرگیراوە ئەمەش بابەتێکی معنوییە، هەر وەکو لە پێشتر باسمان کردووە.

**2.2.3 لقی دووەم: گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گرێبەستێکی بوچەڵە**

گرێبەستی پوچەڵ هەروەکو لە ماددەی (١٣٧)ی یاسای شارستانی عێراق لە (٣) بڕگەدا دەقی لەسەرکردووە، ئەو گرێبەستەیە کەوا لە ڕووی خودی و لە ڕووی وەسفەوە دروست نیە، یاخود ئەگەر هاتوو کەم و کورتی هەبوو لە یەکێک لە کۆڵەگەکانی گرێبەستەکە، وەک ئەوەی ئیجاب و قبوڵەکە لە لایەن کەسانێک دەرچووبێ کە شایستەی یاساییان نەبێت یان شوێنگەی گرێبەستەکە شایان نەبێت بۆ حوکمی گرێبەستەکە یاخود هۆکاری گرێبەستەکە نا ڕەوابێت، یان ئەوەتا گرێبەستەکە لە ڕووی وەسفەوە کەم و کورتی هەبێت، وەک ئەوەی گرێبەستەکە نادیاربێت یان گرێبەستەکە ئەو شکلەی لەخۆ نەگرتبێت کەوا یاسا دیاریکردووە. وە هەروەها یاسای قەرزی تورکی کاتێک لە ماددەی (١-٤٨) باسی ئەحکامە گشتیەکانی گرێبەستی کردووە، هەموو ئەو گرێبەستانەی بە پوچەڵ داناوە کەوا لە ڕووی کۆڵەگە و مەرجەوە کەم و کورتیان هەیە ، یان تیایدا عەیبێک لە عەیبەکانی ڕەزامەندی بەدیدەکرێت ؛ هەروەها ماددەی (٦٤) لە یاسای شارستانی قەتەری کاتێک تێگەیشتنی پێچەوانە لەو پێناسەیە وەردەگرین کە بۆ گرێبەستی کردووە، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کەوا هەمان هەڵوێستی یاسای شارستانی عێراقی هەیە ؛ وەهەورەها ئەوەی پەیوەستە بە یاسای شارستانی یەمەنی زۆر بە ڕاشکاوی لە ماددەی (١٤١) و ماددەی (١٩٦) دەقی لەسەر ئەوە کردووە کەوا ئەگەر هاتوو گرێبەستەکە لە کۆڵەگەکانی یاخود لە مەرجەکانیدا کەم و کورتی هەبوو ئەوا گرێبەستەکە نادروست دەبێت.

لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کەوا سزای یاسای لەسەر نەهاتنەدی مەرج و کۆڵەگەکانی گرێبەست بریتییە لە پوچەڵ بوونەوەی گرێبەستەکە،(الفضلي، ٢٠٠٦، لاپەرە ١٧٥) جا ئەگەر هاتوو گرێبەستێک پوچەڵ کرایەوە ئەوا هیچ کاریگەرێکی لێناکەوێتەوە، وەبارودۆخەکەپێویستە بگەڕێندرێتەوە بۆ بارودۆخی پێشوو ، جا جیاوازی نیە گرێبەستەکە هەڵوەشابێتەوە لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا نەبەستراوە یان هەڵوەشابێتەوە لەبەرئەوەی گرێبەستەکە وەستاو بووە، (الحكيم و البكري و البشير، 2015، لاپەرە ١٢٣) جا ئەگەر هاتوو لایەنێک شتێکی دابێت بە لایەنێکی تر ئەوە پێویستە بیگەڕێنێتەوە بە تەواوی، ئەگەر گێرانەوەی شتەکە ئەستەم بوو ئەوا حوکم بە قەرەبوو کردنەوە دەدرێت. (ئەوە ڕێسایەکی گشتیە، یاسای شارستانی عێراقی لە ماددەی (١٣٨) بە وردی لە میانەی سێ بڕگەدا دەقی لەسەر ئەم بابەتە کردووە)

دوای ئەوەی زانیمان گرێبەستی پوچەڵ چیە وە هەروەها هەڵوێستی یاسای شارستانی عێراقی و یاسا بەراوردکاریەکانی ترمان لەسەر گرێبەستی پوچەڵ خستەڕوو، وە بەکورتی سەرنجمان خستە سەر گرێبەستی پوچەڵ، ئێستا بە پێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر ئەو بارودۆخانەی کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتنی تێدا پوچەڵ دەبێتەوە:

**یەکەم:** هەر وەکو لە پێشتر باسمان کرد گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گرێبەستێکی دروستی وەستاوە لەسەر مۆڵەتی خاوەنی کتێبەکە ، ئەگەر خاوەن کتێبخانەکەکتێبەکەی لەلا دانرابوو بۆ فرۆشتن،وەلێرەدا ئەگەر هاتوو خاوەنی کتێبەکە مۆڵەتیدا ئەوا گرێبەستەکە دەبێتە گرێبەستێکی دروستی جێبەجێکراو، وەکو ئەوە وایە کە پێشتر خاوەنی کتێبەکە پێشتر بریکارنامەی بە کتێبخانەکە داوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر مۆڵەتی نەدا ئەوا گرێبەستەکە پوچەڵ دەبێت. (الحكيم، ٢٠٠٧، لاپەرە ٣١٠) پێویستە لەسەر خاوەنی کتێبەکە لە ماوەی (٣) مانگ مافی سەرپشک بوونی خۆی لە نێوان مۆڵەت دان و هەڵوەشاندنەوە بەکاربێنێت، جا ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە هیچ شتێکی نەکرد کە ئاماژە بێت بۆ هەڵوەشاندنەوە، وا دادەندرێت کەوا گرێبەستەکە جێبەجێکراوە، هەر وەکو ماددەی (١٣٦) لە بڕگەی (٢و٣) دەقی کردووە، ماوەی (٣) مانگەکە لەوکاتەوە هەژمار دەکرێت کەوا خاوەنی کتێبەکە هەستی بە ئەنجامدانی گرێبەستەکە کردووە.

**دووەم:** لەبەرئەوەی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن هەندێک جار بە بەرامبەرە، بۆیە ئەم حاڵەتەمان پەیوەست دەکەین بەو نرخەی کەوا توێژەر بە کتێبخانەی دەدات لە بەرامبەر وەرگرتنی کتێبەکە.

لە پیشتر پێناسەی نرخمان کردووە وە ئەو شتانەش کەوا شایستەن بۆ ئەوەی ببن بە نرخ بە پێی یاسای شارستانی عێراقی و یاسا بەراوردکارییەکانی

خستنەڕوومان بۆ کردووە، بۆیە لێرەدا تیشك ئەخەینە سەر جۆرەکانی نرخ و دەرخستنی حوکمەکانیان لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتنی.

شایەنی باسەنرخ سێ جۆری هەیە ، جۆری یەکەمیان بریتیە لە نرخی ڕاستەقینە، کە بریتیە لەو نرخەی کەوا ویستی هەردوو لایەنەکەی لەسەرە بۆ دروستکردنی پابەندییەکان، بە جۆرێک لایەنێک دەیدات بەو شێوەی کەوا بەرامبەریکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەو شتەی کە وەریدەگرێت نەك بەرامبەرێکی ڕەمزی یان هیچ. (مرقس، 2019، لاپەرە 238) وەئەگەر هاتوو ئەو نرخەی کەوا لە گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن ڕێکەوتنی لەسەرکراوە نرخێکی ڕاستەقینە بوو، ئەوا گرێبەستەکەلە ڕووی نرخەوە گرێبەستێکی دروست و جێبەجێکراو دەبێت.

جۆری دووەمی نرخ بریتیە لە نرخێکی کەم ، کە ئەمەش بریتیە لەو نرخەی کەوا ناگونجێت بە تەواوەتی لەگەڵ نرخی ڕاستەقینە ، بەڵکو برێک کەمترە ، بەڵام بە نرخی ڕاستەقینە دادەندرێت و گرێبەستی پێ دەبەسترێت، بەڵام ئەگەر لە هەردوو حاڵەتدا بەشخورانێکی زۆر لەگەڵ هەڵخەڵەتاندن (الغبن مع التغرير) یان ئیستغلال مەرجەکانیان هاتەدی ئەوا دەتوانن تانە لە نرخەکە بدەن. (ماددەی (١٢٤) لە یاسای شارستانی عێراقی بەم شێوەیە دەقی کردووە: ١- بە تەنها غوبن نابێت و ڕێگە ناگرێت لە جێبەجێکردنی گریبەستەکە مادام هاوتا نیە لەگەڵ هەڵخەڵەتاندن (التغرير) ٢- ئەگەر هاتوو غوبنەکە غوبنێکی گەورە بوو وە ئەوەی غوبنی لەسەر کراوە حجری لەسەر بوو یان ماڵەکە ماڵی دەوڵەت یان وەقف بوو ئەوا گرێبەستەکە پوچەڵ دەبێت ٣- ناکرێت تانە بە غوبن لەو گرێبەستە بدرێت کە لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا ئەنجام دراوە)

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، وەئێمەپێمان وایە ئەنجامدانی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن بەم دوو نرخەی سەرەوەکاریگەری لەسەر گونجاندنی یاسای گرێبەستەکە دەکات نایکاتە گرێبەستی چاکەکردن (عقد التَفَضُل) ؛ بەڵکو دەبێتەگرێبەستی بەکرێدان ؛ لەبەر ئەوەی لە گرێبەستە بە بەرامبەرەکان لایەنەکان ئازادن لە دیاریکردنی نرخ ، وە هیچ ڕێساییەکی دیاریکراویشمان نیە کەوا لایەنەکان پابەند بکات بە بوونی یەکسانی لە نێوان نرخ و بەرامبەرەکە، جگە لە هەندێک بارودۆخی ڕێزپەڕکراو نەبێت، کە لایەنەکان ناتوانن تانە لە گرێبەست بدەن لەسەر بنەمای بەشخوران لەگەڵ لەخشتەبردن (الغبن مع التغرير).

جۆری سێیەمی نرخ بریتیە لە نرخی هیچ، ئەمەش بریتیە لەو نرخەی کەوا ڕێژەی گونجاوبوونی لەگەڵ بەرامبەرەکە بە جۆرێک کەمە کە دەگاتە ئاستی هیچ بوون ، یانیش بە شێوەیەکی تر بڵێین کەوا ڕێژەی نرخەکە ئەوەندە کەمە وا بیردەکرێتەوە کە لایەنەکە لە بنەڕەتدا ئەو گرێبەستەی نەکردووە، (الشامسي، 1998، لاپەرە 250) بەڵام لەم بارودۆخە هەر وەکو لەکتێبخانەی تەبایی یاسایی بەشێوەی پراکتیکی بینیمان کەهەندێك قوتابی وتوێژەر چەند کتێبێکیان وەرگرت بۆ شەوێك وەبۆ هەر کتێبێك تەنها پێنج سەد تا هەزار دیناری عێراقی بوو، کەئەمەش نرخێکی هیچەلەبەرامبەر ئەو سوودەی کەکتێبەکەهەیەتی ، ئەگەر هاتوو گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن نرخەکەی نرخێکی هیچ بوو، وەکو ئەوەی بڵێت چوار کاتژمێر پەنجا یان سەد دیناری عێراقی، ئەوا دەتوانین بڵێین کەوا گرێبەستەکە دروستە دەچێتەژێر باری گرێبەستی بەخشین بەچاکە(عقد التفچل) ، لەبەر ئەوەی مەبەست لەگرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن تەنها پێشکەش کردنی چاکەیەلەگەڵ توێژەران، وە لێرەدا پێویستە ڕێز لە ویستی لایەنەکان (الإرادة التعاقدية) بگیرێت، واتە ویستی هەردوولا ڕێزلێگیراو بێت لەسەر بنەمای (العقد شريعة المتعاقدين)، تەنها ئەگەر هاتوو خاوەنی کتێبخانەکان توشی بەشخورانێکی زۆر (غبن فاحش) لەگەڵ هەڵخەڵەتاندن بوونەوەیان ئیستغلال کران، ئەوا بۆیان هەیە پاڵپشت بە ماددەکانی (١٢٥، ١٣٤، ١٣٦) تانە لە نرخەکە بگرن.

## 4. کۆتایی

پاش کۆتایی هاتنی توێژینەوەکەمان گەیشتینەکۆمەڵێك دەرئەنجام و ڕاسپاردەکەگرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

### 1.4 دەرئەنجامەکان

- لەبەر ئەوەی گرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەر بەبێ فرۆشتنی گرێبەستێکەنوێ یەتا ڕادەیەك، بۆیەتوانیمان پێناسەی بکەین بەشێوەیە: (گرێبەستێکە لە نێوان توێژەر و کتێب فرۆش ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی ڕەخساندنی بارووودۆخێك کە بەهۆیەوە توێژەر بتوانێ سود لە کتێبێکی دیاریکراو وەربگرێت لە بەرمبەردا پابەند دەبێت بە پاراستن و گێڕانەوەی لە کاتی خۆی وپێدانی بڕە پارەیەکی دیاریکراو یان بێ بەرامبەر ، بەبێ ئەوەی خاوەنداریەتی بۆ بگوازرێتەوە).

- گرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەر بەبێ فرۆشتنی گرێبەستێکی عەینی یە، بە جۆرێک بە یەکگەیشتنی ویستی لایەنەکان بەس نی یەبۆ ئەنجامدانی گرێبەستەکە، بەڵکو پێویستی بەشەکلیەت هەیەکەوەرگرتنە، ئەمەش بەدەقی یاسا دیاریکراوە.

- سەبارەت بە گونجاندنی یاسایی بۆ گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەوا هەریەک لە گرێبەستی بەکرێدانی شتە گوێزراوەکان و گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن تایبەتمەندی هاوشێوە و لێکچوویان هەیە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کەوا بتوانین بڵێین کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن یەکێکە لە گرێبەستەکانی بەکرێدانی شتە گوێزراوەکان، لەبەر ئەو جیاوازییە بنەڕەتیانەی کەوا لە نێوانیان دا هەیە، وەکو عەینی بوونی گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن و تایبەتمەندی بێ بەرامبەری، وە هەروەها جیاوازی لە ڕووی بابەتی وازهێنان لە ماف بۆ کەسێکی تر.

- گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەوا گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتنی ئەگەر بێ بەرامبەر بوو ئاوا لە گرێبەستی چاکەکردنە بەبەخشینی سوود (عقد التَفَضُل)، کە لە گرێبەستە ڕێکخراوەکانەبەشێوەکی ناڕاستەوخۆ، کەوەسفێکە لەگرێبەستی خواستن لە یاسای عێراقی، کە تیایدا خاوەن کتێبخانەکان چاکە لەگەڵ توێژەر دەکەن بە سودی کتێبەکە و سودێك و خزمەتێك پێشکەش دەکات، وەگرێبەستەکە لە گرێبەستە دروست و جێبەجێکراوەکان دەبێت ئەگەر خاوەنی کتێبخانەکە خۆی خاوەنی کتێبەکە بێت؛ بەڵام ئەگەر خاوەنی کتێبەکە نەبوو، ئەوا لە گرێبەستە دروست و وەستاوەکان دەبێت و ئەحکامی هەڵس و کەوتی خۆهەڵقورتێنەری (التصرف الفضولي) لەسەر جێبەجێ دەبێت.

- بە هەمان شێوە ئەگەر هاتوو گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن بە بەرامبەریش بوو هەرچەندە بەرامبەرەکە هیچ و کەم بایەخیش بوو ، کەئێمەپێمان وایەئەو بەرامبەرەوەکو ئەوەیەکەنەبێت ، هەر وەکو لەکتێبخانەی تەبایی یاسایی لەهەولێر بۆمان ڕوون بۆتەوەکەبەرامبەر دانی کتێب بۆ شەوێك لەزۆربەی حاڵەتەکاندا تەنها ( 500 تا 1000) دیناری عیراقی وەردەگیرێت ؛ بۆیەهەر بەگرێبەستی چاکەکردن بەبەخشین دادەنرێت (عقد التَفَضُل) ، چونکەسوودی کتێب نرخاندنی بۆ ناکرێت ، ئەمەش بەگوێرەی یاسای شارستانی عێراقی و قەتەری و یاسای قەرزی تورکی.

- پێوانەکردن (القياس) بۆ دیاریکرنی ماف و پابەندییەکان بگەرێنیەوە سەر بنەما گشتیەکانی ئەو گرێبەستانە.

- سەبارەت بە نرخی ڕێکەوتن لەسەر کراو لە لایەن لایەنەکان ئەگەر هاتوو گرێبەستی پێدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن نرخەکەی تەنانەت نرخێکی هیچیش بوو، ئەوا دەتوانین بڵێین کەوا گرێبەستەکە دروستە، هەر وەکو ئەوەی نرخێکی ڕاستەقینە یان کەم بێت، لەبەر ئەوەی گرێبەستی پیدانی کتێب بە توێژەر بەبێ فرۆشتن لە گرێبەستە ڕێکنەخراوەکانە، وە لێرەدا پێویستە ڕێز لە ویستی لایەنەکان (الإرادة التعاقدية) بگیرێت.

## 2.4 ڕاسپاردەکان

- لەبەر ئەوەی گرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەر بەتایبەت ئەحکامی تایبەتی بۆ دانەرێژراوە، بۆیەدەقێك پێشنیار دەکەین کەگرێبەستی چاکەکردن بەبەخشین (عقد التَفَضُل) ڕێکبخات بەشێوەیەك کەگرێبەستی پێدانی کتێب بەتوێژەریش لەخۆ بگرێت، جا پێدانەکەبەبێ بەرامبەر بێت یا بەبەرامبەرێکی هیچ بێت ، بەم شێوەیەی‌کەهاتووە: ( 1- گرێبەستی چاکەکردن بەبەخشین گرێبەستێکیەکەلایەنی خاوەندار هەڵدەستێت بەبەخشینی سوودی ماڵێکی بەلایەنی دووەم بەبێ بەرامبەر یا بەبەرامبەرێکی هیچ بوو، وەبەبێ ئەوەی خاوەنداریەتی بۆ بگوازرێتەوە. 2- ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتەی کەلەبڕگەی یەکەمدا هاتووەڕوووبەڕووی هەر بارودۆخێکی تر بۆوە، ئەوائەحکامەگشتیەکانی گرێبەستکردنی لەسەر جێ بەجێ دەکرێت).

- ٢- لەبەر ئەوەی کتێبخانەمیر و گشتیەکان سەرچاوەی تازەو سەردمیانەی کەمەلەعێراق دا وەهەرێمی کوردستاندا ، داوادەکەین کەپەلەبکرێت لەکڕینی سەرچاوەی تازەوپێویست بۆ کتێبخانەکان، تاکو ئەرك و قورسایی سەرشانی توێژەران کەم ببێتەوەوبتوانن بەئاسانی توێژینەوەی خۆیان ئەنجام

بدەن وتووشی خەرجی زۆر نەبن، کەلەکۆتاییدا توێژینەوەکان بەخزمەتی وولاتدا دەکەوێتەوە.

## 5. لیستی سەرچاوەکان

### 1.5 کتێبەکان


1. أسعد دياب، (2007). *القانون المدني – العقود المسماة (البيع – الايجار – والمقاولة)*، الجزء الأول، لبنان: منشورات زين الحقوقية.
2. بلحاج العربي، (2005). *النظرية العامة للالتزام في القانون المدني الجزائري (التصرف القانوني والارادة المنفردة)*. الجزء الأول. (الطبعة الرابعة). الجزائر: ديون المطبوعات الجامعة.
3. جاسم على سالم الشامسي، (1998). *عقد البيع* (في ضوء قانون المعاملات المدنية لدولة الامارات العربية المتحدة – دراسة مقارنة بالفقه الاسلامي). (الطبعة الأولى). الامارات: جامعة الامارات العربية المتحدة، العين.
4. جعفر الفضلي، (1997). *الوجيز في العقود المدنية : البيع – الايجار – المقاولة* (دراسة في ضوء التطور القانوني و معززة بالقرارات القضائية). عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.
5. حسن علي الذنون، (1976). *النظرية العامة للالتزامات* (مصادر الالتزام، أحكام الالتزام، اثبات الالتزام). بغداد: المكتبة القانونية.
6. رمضان أبو سعود، (2003). *مصادر الالتزام*. (الطبعة الثالثة). الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة للنشر.
7. سعدون العامري، (1974). *الوجيز في شرح العقود المساة: البيع والايجار*. (الطبعة الثالثة). بغداد: مطبعة العاني.
8. سليمان مرقس، (2019). *الوافي في شرح القانون المدني، عقد البيع والكفالة*. الجزء السابع. (الطبعة السابعة). لبنان: منشورات صادر الحقوقية.
9. سمير عبد السيد تناغو، (2008). *عقد الايجار* (تشريع جديد مقترح لمراجعة و صياغة أحكام المحكمة الدستورية العليا المساكنة الباب الخلفي للتهرب من أحكام المحكمة الدستورية العليا – أحدث قوانين وأحكام محمكة نقض)، الاسكندرية: منشأة المعارف (جلال حزى و شركاه).
10. عباس زبون العبودي، (2009). *شرح أحكام العقود المساة في القانون المدني* (البيع والايجار – دراسة مقارنة معززة بالتطبيقات القضائية). (الطبعة الأولى). عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.
11. عبد الحميد الشواربي، *أحكام عقد الايجار* (وفقا للقواعد العامة للقانون المدني و وفقا لأحكام القوانين الاستثنائية و ايجار الاراضي الزراعية و التأجير التمويلي). الاسكندرية: منشأة المعارف (جلال حزى و شركاه).
12. عبدالرزاق احمد السنهوري، (2011). *الوسيط في شرح القانون المدني الجديد* (الايجار والعارية)، (المجلد الأول (6)). لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية.
13. عبدالرزاق احمد السنهوري، (1962). *الوسيط في شرح القانون المدني*. الجزء الأول. بيروت- لبنان: دار احياء التراث العربي.
14. عبدالرزاق أحمد السنهوري، (1998). *نظرية العقد*. الجزء الأول. (الطبعة الثانية الجديدة). لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية.
15. عبدالمجيد الحكيم، (2007). *الموجز في شرح القانون المدني* (مصادر الالتزام). بغداد: المكتبة القانونية.
16. عبدالمجيد الحكيم، عبدالباقي البكري، محمد طه البشير، (2015). *الوجيز في نظرية الالتزام في القانون المدني العراقي*. الجزء الاول. (الطبعة الأولى). بغداد: دار السنهوري.
17. كاظم الشيخ جاسم، (1986). *احكام ايجار العقار وفقا للقوانين الخاصة*. (الطبعة الأولى). بغداد: مطبعة الجاحظ.
18. محمد صبري سعدي، (2007 – 2008). *الواضح في شرح القانون المدني الجزائري* (النظرية العامة للالتزامات، العقد والارادة المنفردة). ج1. (الطبعة الأولى). ، الجزائر: دار الهدى.
19. منذر الفضلي، (2006). *الوسيط في شرح القانون المدني* (دراسة مقارنة بين الفقه الاسلامي والقوانين المدنية العربية والاجنبية – معززة بآراء الفقه و أحكام القضاء). (الطبعة الأولى). أربيل: دار ئاراس للطباعة والنشر.
20. موفق حميد البياتي، (2017). *شرح على المتون، الموجز المبسط في شرح القانون المدني*، القسم الأول – مصادر الالتزام المواد (73 – 245). المجلد 1. (الطبعة الأولى) بيروت- لبنان: منشورات زيق الحقوقية.
21. هدى عبدالله، (2008). *دروس في القانون المدني (العقد)*. الجزء الثاني. (الطبعة الأولى). لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية.
22. سعدي البرزنجي، (2007). *ملاحظات نقدية في القانون المدني العراقي*. (الطبعة الأولى). أربيل: مطبعة وزارة الزراعة.


### 2.5 نامەی ماستەر و دکتۆرا


1. خالد سماحي. (2013). "النظرية العامة لعقود التبرعات (دراسة مقارنة)". اطروحة دكتوراه، جامعة ابوبكر بلقايد –كلية الحقوق والعلوم السياسية، تلمسان – الجزائر.
2. زينة احمد خريسات. (2014). "التأصيل القانوني لبيع الفضولي (دراسة مقارنة في الفقه الاسلامي و القانون الوضعي)". رسالة ماجستر، جامعة شرق الاوسط -كلية الحقوق.
3. طاهرة يعقوب عبدالصمد. (2014). "أحكام العقد غير المسمى في القانون الجزائري". بحث مقدم لاستكمال متطلبات شهادة الليسانس، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية الحقوق والعلوم السياسية.
4. لعور ريم رفيعة. (2011). "أثار عارية الاستعمال في القانون الجزائري والقانون الفرنسي". رسالة ماجستر، جامعة وهران، الجزائر.


### 3.5 توێژینەوە


1. احمد فنوص حمادي. (2018). "العقد الموقوف". مجلة كلية المدينة العلم الجامعة، المجلد: 10، العدد: 2، عدد الصفحات: 279-288.
2. وسن قاسم غني. (2011). "الشكلية الاتفاقية فی العقود". مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، جامعة بابل -كلية القانون، المجلد الثالث، العراق، 7-37.


### 4.5 مەتنی یاساکان


1. یاسای شارستانی عێراق ژمارە (٤٠) ی ساڵی ١٩٥٠.
2. یاسای شارستانی تورکی ژمارە (٤٧٢١)ی ساڵی ٢٠٠١.
3. شارستانی یەمەنی ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٢.
4. یاسای شارستانی قەتەری ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٤.
5. یاسای وەبەرهێنانی عێراق ژمارە (١٣) ی ساڵی ٢٠٠٦.
6. یاسای نەوت و گازی کوردستان ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧.
7. یاسای قەرزی تورکی ژمارە (٦٠٩٨) ی ساڵی ٢٠١١.
8. یاسای واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکانی عێراق ژمارە (٧٨) ی ساڵی ٢٠١٢.


### 5.5 پێگە ئەلیکترۆنیەکان

1. بڕیاری ژمارە (٢٨٩٢/ بەکرێدان/٢٠٠٦) لە ٢٠٠٦/١٢/٥، بڵاوکراوەتەوە لە لاپەڕەی فەرمی ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراق، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢١/١٠/١٥، www.hjc.iq.
2. منصور حاتم محسن أبو خبط، العقد الموقوف، جامعة بابل، 2-1-2013، التأريخ الزيارة: 1-9-2021، الموقع الالكتروني: http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx?fid=7&depid=2&lcid=33802
3. لیستی بڕیارەکانی دادگای باڵای تورکی:- https://app.e-uyar.com/karar/KararKavram/596/vekaletsiz-is-gorme